# بانکی ناوەندیی عێراق لە نێوان سەربەخۆیی و هەژمونی دارایی گشتییدا لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٥-٢٠٢٠

م.ی. جهانگیر صدیق احمد*

وشە کلیلییەکان: سەربەخۆیی بانکی ناوەندی، هەژمونی دارایی گشتی، قەرزە ناوخۆییەکان، داهاتە نەوتیەکان، عێراق.

https://doi.org/10.31271/jopss.10066

**پوختە**

هەرچەندە بانکی ناوەندیی عێراق بەپێی یاسای ژمارە 56ی ساڵی 2004 سەربەخۆیی پێدراوە لە کاروبارە کارگێڕی و داراییەکانی و لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتە نەختینەیەکاندا بەگشتی، بەڵام هەبونی دەستێوەردانی جۆراوجۆر لەلایەن دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردنەوە، لەگەڵ هەبونی هەژمونی زۆری دارایی گشتی لەسەر سیاسەتە نەختینەییەکان، پرسی سەربەخۆیی بانکی ناوەندییان خستوەتە دۆخێکی نارونەوە. ئەم توێژینەوەیە هەولی دیاریکردنی پلەی سەربەخۆیی یاسایی بانکی ناوەندیی عێراقی داوە بەپێی پێوەری (CWN) و بەپشت بەستن بە دەقی یاسای بانکی ناوەندی، هەروەها هەوڵی داوە بۆ خستنەڕوی دەستێوەردانەکانی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و کاریگەرییان لەسەر لاوازکردنی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی لەبواری کردەییدا، لەهەمان کاتدا کاری کردوە لەسەر شیکردنەوەو خستنەڕوی میکانیزمەکانی کارکردنی هەژمونی دارایی گشتی لەسەر سیاسەتی نەختینەیی وەك بابەتێکی پێچەوانەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی، توێژینەوەکە گەیشتوە بەو دەرەنجامەی کە پێگەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندیی عێراق بەپێی دەقی یاساکە جیاوازە لە پێگەی سەربەخۆیی کردەیی بانکەکە، چونکە هەریەك لە دەستێوەردانەکان و هەژمونی دارایی گشتی لەسەر سیاسەتی نەختینەیی کاریگەریان دروست کردوە لەسەر کەمکردنەوەی ئاستی سەربەخۆیی بانکەکە لەبواری کردەییدا. توێژینەوەکە بۆچارەسەری ئەم گرفتە چەند پێشنیارێکی خستوەتە ڕوو، لەوانە: ڕێزگرتنی تەواو بۆ یاساکەی بانکی ناوەندی و ڕاگرتنی دەستێوەردانەکان لەکاروبارەکانی، بەهێزکردنی ئاستی هەمئاهەنگی و ڕاگۆڕینەوە و ڕاوێژ لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و بانکی ناوەندیدا کە بەپێی یاساکە ڕێگە پێدراوە. هەروەها کارکردن بۆ کەمکردنەوەی هەژمونی دارایی گشتی لەڕێگەی کەمکردنەوەی قەبارەی کورتهێنانی بودجەو، کەمکردنەوەی پشت بەستنی زۆر بەداهاتی نەوتی هەناردەکراو، وە سەرەنجام کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەو دوو گۆڕاوەی دارایی گشتی لەسەر جوڵەی گۆڕاوە نەختینەییەکان و ئاراستەکردنی سیاسەتی نەختینەیی.

---

* بەشی کارگێڕی دەزگاکانی گەشتیاری/پەیمانگەی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر/زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر/هەولێر/عێراق
jihangeer.ahmed@epu.edu.iq

**ملخص**

**البنك المركزي العراقي بين الاستقلالية وهيمنة المالية العامة خلال الاعوام ٢٠٠٥-٢٠٢٢**

على الرغم من أن البنك المركزي العراقي يتمتع بالاستقلالية في شؤونه الإدارية والمالية وفي صياغة وتنفيذ السياسات النقدية بشكل عام، وفقاً للقانون رقم ٥٦ لسنة ٢٠٠٤، إلا أن التدخلات السلطتين التشريعية و التنفيذية، و وجود هيمنة المالية العامة على السياسة النقدية، وضعت هذا الاستقلال في وضع غامض. لقد حاولت هذا البحث تحديد درجة الاستقلال القانوني للبنك المركزي العراقي وفقا لمعيار (CWN) واستنادا إلى قانون البنك المركزي، كما حاولت عرض تداخلات السلطتين التشريعية والتنفيذية في الشؤون الخاصة بالبنك المركزي وانعكاساته على إضعاف استقلاليته الفعلية. وفي الوقت نفسه عمل على تحليل وعرض آليات عمل الهيمنة المالية العامة على السياسة النقدية على أنها نقيض للاستقلالية. توصلت البحث الى ان وضع الاستقلالية البنك المركزي العراقي وفقا للنص القانون تختلف عن وضعه الفعلي من ناحية العملية. بغية حل هذا المشكلة طرحت البحث عدد من المقترحات اهمها: احترام القانون البنك المركزي من قبل كل اطراف و ايقاف التام للتدخلات في شؤونه، تعزيز مستوى التنسيق و تشاور و تبادل الاراء بين السلطتين التشريعية و التنفيذية و البنك المركزي، وهو ما يجيزه القانون، وكذلك العمل على تقليل الهيمنة المالية العامة على السياسة النقدية من خلال تقليل العجز الموازنة العامة و تقليل الاعتماد على الايرادات تصديرالنفط، و بالتالي تقليل تأثير لتلك المتغيرين الماليين على حركة المتغيرات النقدية و توجيه السياسة النقدية.

**Abstract**

**The Central Bank of Iraq between Independence and Public Financial Dominance during 2005-2022**

Although the Central Bank of Iraq enjoys independence in its administrative and financial affairs and in the formulation and implementation of monetary policies in general, in accordance with Law No. 56 of 2004, but the interventions of the legislative and executive authorities, and the presence of public finance dominance on monetary policy, put this independence in an ambiguous position. This research has tried to determine the degree of legal independence of the Central Bank of Iraq according to the (CWN) criterion and based on the Central Bank Law. At the same time, he worked on analyzing and presenting the working mechanisms of public financial dominance on monetary policy as an antithesis to independence. The research concluded that the independence status of the Central Bank of Iraq according to the text of the law differs from its actual status in terms of operation. In order to solve this problem, the research put forward a number of suggestions, the most important of which are: respect for the law of the central bank by all parties and a complete cessation of interference in its affairs, enhancing the level of coordination, consultation and exchange of views between the legislative and executive authorities and the central bank, which is permitted by law, as well as Work to reduce public financial dominance on monetary policy by reducing the general budget deficit and reducing dependence on oil export revenues, thus reducing the impact of these two financial variables on monetary variables and directing monetary policy.

# پێشەکی

سەربەخۆیی بانکە ناوەندیەکان زیاتر لە سێ دەیەیە وەك ڕاستیەکی ئابوریی پەسەنکراو لە جیهاندا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، وەك گرەنتیەك بۆ پاراستنی سەقامیگری ئابوری و بەتایبەتیش سەقامگیریی نرخەکان بایەخێکی زۆری پێ دەدرێت. مەبەستیش لێی سەربەخۆیی بانکی ناوەندیە لە تێکرای بوارەکانی کارگێری و دارایی بانك و لە داڕشتن وجێبەجێکردنی سیاسەتە نەختینەییەکان .

ئەم پرسە لە عێراقیشدا لەساڵی (2004)ەوە چوەتە قۆناغێکی نوێوەو بەپێی یاسای بانکی ناوەندیی عێراق ژمارە ٥٦ی ساڵی ٢٠٠٤ گۆڕانکاری بەسەر ئەرك و دەسەڵات و تایبەتیمەندیەکانی بانکەکەدا هاتوە، یاساکە سەربەخۆیی بۆ بانکەکە گەڵاڵە کردوە، لە بەڕێوەبردنی کارەکانی و لە داڕشتن و جیبەجیکردنی سیاسەتە نەختینەییەکان. بەڵام بەکردەوە دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن بەشێوەی جۆراوجۆر دەستێوەردان لەکارەکانی دەکەن، بەتایبەتیش دەستێوەردانەکان لە کایەی لادانی پارێزگارەکانی بانك و دانانی پارێزگاری بەوەکالەت، هەوڵی پارەداکردنی بودجەی حکومەت لەڕێگەی یەدەگی نەختینەی بانکی ناوەندیەوە، هەوڵی دیاریکردنی میچی رۆژانە بۆ فرۆشتنی دراوی بیانی لە پەنجەرەی فرۆشتنی دراوی بیانی، ئاماژەکردنی رون لەناو یاساکانی بودجەی ساڵانەی حکومەت بۆ پارەدارکردنی بەشێکی زۆری قەرزە ناوخۆییەکان لەلایەن بانکی ناوەندیەوە لە ڕێگەی داشکاندنەوەی حەواڵەکانی گەنجینەی وەزارەتی دارایی..هتد، ئەوانەیش بەگشتی پێچەوانەی ئەو سەربەخۆییەن کە لەیاساکەدا بۆ بانکی ناوەندی گەڵاڵە کراوە.

لەلایەکی تریشەوە گەورەیی قەبارەی قەرزە ناوخۆییەکانی حکومەت کە لە کورتهێنانی بودجەوە سەرچاوەیان گرتوە لەگەڵ بەرزی رێژەی داهاتە نەوتیەکانی حکومەت (کە بە دۆلارن) تاڕادەیکی زۆر جڵەوی هەڵسوکەوتی بانکی ناوەندیان کردوە لە پیادەکردنی سیاسەتی نەختینەییدا، چونکە قەرزە ناوخۆییەکان بەشیکی زۆریان لەلایەن بانکی ناوەندییەوە لەڕێگەی داشکاندنەوەی حەواڵەکانی گەنجینەوە لەبازاڕی لاوەکی دەکڕدرێنەوە، داهاتە نەوتیەکانی حکومەتیش بەشی زۆریان لای بانکی ناوەندی دەگۆڕدرێنەوە بەدینار، بانکی ناوەندی بۆ پڕکردنەوەی ئەو خواستەی کە لەسەر دۆلار هەیە رۆژانە هەڵدەستێت بە فرۆشتنی دۆلار لە پەنجەرەی فرۆشتنی دراوی بیانی، لەئەنجامدا ئەم پرۆسێسانە تاڕادەیەکی زۆر جڵەوی بناغەی نەختینەو جوڵەی گۆڕاوە نەختینەییەکان دەکەن، ئەمەیش لە ئەدەبیاتی ئابوریکدا بە هەژمونی دارایی گشتی گوزارشتی لێ دەکرێت کە پێچەوانەیە لەگەڵ سەربەخۆیی بانکی ناوەندی.

بەم جۆرە بانکی ناوەندیی عێراق لەنێوان سەربەخۆیی یاسایی، دەستێوەردان و هەژمونی دارایی گشتیدایە، ئەوەیش دۆخێکی نائاسایی و نەخوازراوە. بۆیە لێکۆڵینەوە لەبارەی خەسڵەت و ئاستی سەربەخۆیی یاسایی و کردەیی و میکانیزمەکانی کارکردنی هەژمونی دارایی گشتی لەسەر سیاسەتی نەختینەیی لە عێراق لە بابەتە گرنگ و پێویستەکانی ناو بواری لێکۆڵینەوەی زانستی ئابورین. ئەم هەوڵەیش دەیەوێت بەشداریەکی بەسود بێت لەو بارەیەوە .

**گرفتی تویژینەوەکە/** دەستێوەردانەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لە کاروباری بانکی ناوەندی  و سیاسەتی نەختیەنەیی لە عێراق، هەبونی هەژمونی دارایی گشتیی حکومەت لەسەر

چۆنیەتی هەڵسوڕاندنی کاروبارە نەختینەییەکانی بانکی ناوەندی، تا ڕادەیەکی زۆر پێچەوانەی ئەو سەربەخۆییەن کە بە پێی یاسا بۆ بانکی ناوەندی دەستەبەر کراوە، ئەمەیش گرفتی گەورەی ئەم توێژینەوەیەیە. لەم سۆنگەیەوە پرسیارە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە بریتین لە: پلەی سەربەخۆیی یاسایی بانکی ناوەندی عێراق چەندە؟ دەستێوەردانەکان کامانەن و چۆن دەبنە هۆی لاوازکردنی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی؟ هەژمونی دارایی گشتی حکومەتی عیراق بەچ میکانیزمێك جوڵەی بناغەی نەختینە و زۆرینەی گۆڕاوە نەختینەییەکان ئاراستە دەکات؟

### ئامانجی توێژینەوەکە/

بەمەبەستی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بۆ:

١- دیاریکردنی پلەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی لەڕوی یاساییەوە ئەویش بە پشت بەستن بە مۆدێلی (CWN) و، لەسەر بنەمای تێکستەکانی ناو یاسای بانکی ناوەندی ژمارە ٥٦ ساڵی ٢٠٠٤.

٢- خستنەڕوی دەستێوەردانی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجیکردن لەکاروباری بانکی ناوەندی و، ڕونکردنەوەی کاریگەریان لەسەر لاوازکردنی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی لەڕوی کردەنیەوە.

٣- دیاریکردنی میکانیزمەکانی جڵەوکردنی بناغەی نەختینە و جوڵەی گۆڕاوە نەختینەییەکان لەلایەن دارایی گشتیەوە.

### گریمانەی توێژینەوەکە/

ئەم توێژینەوەیە لەسەر دوو گریمانەی سەرەکی داڕێژراوە:

١- یاسای ژمارە ٥٦ی ساڵی ٢٠٠٤ پلەیەکی بەرزی بۆ سەربەخۆیی بانکی ناوەندیی عێراق دەستەبەر کردوە، بەڵام لەڕووی کردەییەوە دەستێوەردانەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن بونەتە هۆی لاوازکردنی کردنی ئاستی سەربەخۆیی کردەیی بانکی ناوەندی.

٢- بونی پەیوەندیی بەهێز وئەرێنی لە نێوان گۆڕاوەکانی دارایی گشتی و گۆڕاوە نەختینەییەکاندا، بەتایبەتیش لەنێوان داهاتە نەوتیەکان لەگەڵ پوختەی هەبوە بیانیەکان و دراوی دەرچو (العملة المصدرة)، هەروەها لەنێوان قەرزە ناوخۆییەکان لەگەڵ پوختەی هەبوە ناوخۆییەکان و دراوی دەرچو، پەیوەندیەکەیش بەجۆرێکە کە بناغەی نەختینە و گۆڕاوە نەختینەییەکان لەژێر کاریگەریی گۆڕانی گۆڕاوە داراییەکاندا جوڵەدەکەن، ئەمەیش بەو واتایەیە کە سیاسەتی نەختینەیی لە عێراق لەژێر هەژمونی دارایی گشتیدایە.

### میتۆدی توێژینەوەکە/

توێژینەوەکە پەیڕەوی لە میتۆدی وەسفی-شیکاری دەکات بۆ خستنەڕوی واقیعی یاسایی و کردەیی بانکی ناوەندی و هەژمونی دارایی گشتی لەسەر گۆڕاوە نەختینەییەکان، بەسود وەگرتن لە یاسا و ئامار و داتا فەرمیەکان و سەرچاوە تیۆری و پراکتیکیەکانی تایبەت بە لێکۆڵینەوە لەپرسی

سەربەخۆیی بانکی ناوەندی و هەژمونی دارایی گشتی لە کتێب و توێژینەوە زانستی و ڕەسەنە بڵاوکراوەکان.

**پەیکەری توێژینەوەکە/**

توێژینەوەکە دابەش بوە بەسەر پێشەکی و سێ بەش و دەرەنجامەکاندا:

**بەشی یەکەم/** چوارچێوەیەکی گشتی بۆ سەربەخۆیی بانکی ناوەندی وهەژمونی دارایی گشتی. دوو باس لەخۆ دەگرێت؛ باسی یەکەم تایبەتە بەچەمکی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی و جۆرەکانی و پاساوەکانی و پێوەرەکانی، باسی دووەمیش تایبەتە بە چەمکی هەژمونی دارایی گشتی و میکانیزمەکانی کارکردنی و هۆکارەکانی.

**بەشی دووەم/** سەربەخۆیی بانکی ناوەندیی عێراق. دوو باس لە خۆ دەگرێت، باسی یەکەم تایبەتە بە سەربەخۆیی یاسایی بانکی ناوەندی عێراق. باسی دووەمیش تایبەتە بە سەربەخۆیی کردەیی بانکی ناوەندی عێراق.

**بەشی سێیەم/** هەژمونی دارایی گشتی لەسەر بانکی ناوەندی عیراق. دوو باس لە خۆ دەگرێت، باسی یەکەم تایبەتە بە خستنەڕوی پەیکەری بودجە و دۆخی دارایی گشتی حکومەتی عێراق. باسی دووەمیش تایبەتە بە میکانیزمی کارکردنی هەژمونی دارایی گشتی لەسەر بانکی ناوەندیی عیراق.

**توێژینەوەکانی پێشوو/**

بەو پێیەی کە هەریەك لە سەربەخۆیی بانکی ناوەندی و هەژمونی دارایی کاریگەریی گەورەیان هەیە لەسەر گۆڕاوەکانی ئابوریی هەموەکی بەتایبەتیش سەقامگیریی نرخەکان، کورتهێنانی بودجەو قەرزە گشتیەکان، هەربۆیە لەو بارەیەوە توێژنەوەی زۆر لەلایەن توێژەرانی بیانی و عەرەبیەوە لەسەر ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەو بابەتە و لەسەر دۆخی وولاتانی جیاواز ئەنجام دراون، لەخوارەوە ئاماژە بەچەند توێژینەوەیەکیان دەکەین:

١- توێژینەوەی (Cukierman et al ,1992) بەناونیشانی ( Measuring the Independence of Central Banks and Its Effect on Policy Outcomes) کە تێیدا کار لەسەر پێوانی پلەی سەربەخۆیی بانکە ناوەندیەکان و کاریگەریی ئەو سەربەخۆییە لەسەر تێکڕای هەڵاوسانی نرخەکان کراوە بۆ (٧٢) دەوڵەت لەماوەی (١٩٥٠-١٩٨٩). بۆ دیاریکردنی پلەی سەربەخۆیی بانکە ناوەندیەکان لەڕوی یاساییەوە کار لەسەر چوار تەوەری سەرەکی کراوە (دەسەڵاتی دامەزراندن و لادانی پاریزگاری بانك، دارشتنی سیاسەتی نەختی، ئامانجەکانی سیاسەتی نەختی، سنوری قەرزدان بەحکومەت و کڕینەوەی کاغەزە داراییەکانی). لەڕوی کردەییشەوە کار لەسەر تەوەری خێرایی ماوەی گۆڕانی پارێزگاری بانکە ناوەندیەکان، دەستێوەردانەکان لەکاروبارە تایبەتیەکانیان و لە دارشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی نەختی کراوە. توێژەران بەو ئەنجامە گەیشتون کە جیاوازی بەرچاو هەبوە لەنێوان پلەی سەربەخۆیی یاسایی و سەربەخۆیی کردەیی بانکە ناوەندیەکاندا، بەتایبەتیش لەوولاتانی تازە گەشەسەندو، هەروەها پەیوەندیەکی پێچەوانەیش هەبوە لە نێوان

پلەی سەربەخۆیی بانکە ناوەندیەکان و تێکڕاکانی هەڵاوسانی نرخەکاندا.

٢- توێژینەوەی (Grilli et al, 1991) بەناونیشانی (Political and Monetary Institutions and Public Financial Policies in the Industrial Countries) توێژینەوەکە کاری لەسەر دیاریکردنی پلەی سەربەخۆیی بانکە ناوەندیەکان و کاریگەریی لەسەر هەڵاوسانی نرخەکان و قەرزەگشتیەکان و کورتهێنانی بودجە کردوە بۆ(١٨) دەوڵەتی ڕێکخراوی هاریکاری ئابوری و پەرەپێدان (OECD)، بەهەمان شێوە لەماوەی ساڵانی (١٩٥٠-١٩٨٩)، وە بەو دەرەنجامە گەیشتوە کە پەیوەندیەکی پێچەوانە هەبوە لەنیوان پلەی سەربەخۆیی بانکە ناوەندیەکان لەلایەك و هەریەك لە تێکڕاکانی هەڵاوسانی نرخەکان و کورتهێنانی بودجەی گشتی و قەرزە گشتیەکان لەلایەکی ترەوە.

٣- توێژینەوەی (Georgeta & Lenuta,2017) بەناونیشانی (CENTRAL BANK INDEPENDENCE AND INFLATION IN EU-28) توێژینەوەکە کاری لەسەر دیاریکردنی جۆری پەیوەندیی و ئاستی کاریگەریی سەربەخۆیی بانکە ناوەندیەکان کردوە لەسەر هەڵاوسان لە (٢٨) دەوڵەتی یەکیەتی ئەوروپا لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٨-٢٠١٢)، وە گەیشتوە بەو دەرەنجامەی کە ئەو دەوڵەتانەی پلەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندییان لە ٥١% زیاتربوە ئەوە پەوەندیەکی نەرێنی واتە پێچەوانە لەنێوان سەربەخۆیی بانکی ناوەندی و تێکڕاکانی هەڵاوساندا هەبوە، بەڵام ئەو دەوڵەتانەی کە پلەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندیان لە٥١% کەمتربوە ئەوە پەیوەندیکە ئەرێنی بوە.

٤- توێژینەوەی (Kamila,2022) بەناونیشانی (Fiscal dominance in India: an empirical estimation) : ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان گۆڕاوەکانی دارایی گشتی و گۆڕاوە نەختینەییەکان کردوە، تایبەت بە دەوڵەتی (هند) و لەماوەی ساڵانی (١٩٨٧-٢٠١٩)، وە گەیشتوە بەو دەرەنجامەی کەهەژمونی دارایی گشتی لە(١٩٨٧-٢٠٠٣) کاریگەریەکی ئەوتۆی لەسەر گۆڕاوە نەختینەییەکان نەبوە، بەڵام لەپاش دەرچونی یاسای بەرپرسیاریەتی دارایی و کارگێڕیی بودجە لەساڵی (٢٠٠٣) ئیدی لەوکاتەوە هەژمونی دارایی گشتی لەڕێگەی فراوانکاریی و کورتهێنانی بودجەی گشتیەوە بەڕادەیەکی زیاتر لەسەر گۆڕاوە نەختینەییەکان بەدەرکەوتوە.

٥- توێژینەوەی (Kadhim & Hussein) بەناونیشانی: (Measuring the impact of financial dominance on monetary policy variables in Iraq for period 2004-2021)توێژینەوەکە کاری کردوە لەسەر دیاریکردنی هەژمونی دارایی گشتی لەسەر گۆڕاوە نەختینەییەکانی وەك خستنەڕوی دراو، نرخی ئاڵوێر، نرخی سو، تێکڕاکانی هەڵاوسان لە عێراق. لەکۆتاییدا گەیشتوە بەو دەرەنجامەی کە هەژمونی دارایی گشتی لەسەر بانکی ناوەندیی عیراق بوەتە هۆی لاوازکردنی ئاستی سەربەخۆیی و کارایی بانکەکە، زیادبونی هەریەك لە خستنەڕوی دراو، هەڵاوسان، لەگەڵ دابەزینی هەریەك لە نرخی ئاڵوێر و نرخی سو.

٦- توێژینەوەی (شندي، عبد ضيدان، ٢٠١٧) بەناونیشانی (استقلالية البنك المركزي العراقي بين المعايير

التشريعية والفعلية)، ئەم توێژینەوەیە کاری لەسەر دیاریکردنی پلەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی عێراق کردوە لەڕوی یاسایی و کردەییەوە، لەڕوی یاساییەوە پشتی بەستوە بە دەقی یاسای بانکی ناوەندی عێراقی ژمارە ٥٦ی ساڵی ٢٠٠٤، لەڕوی کردەییشەوە پشتی بەستوە بە خێرایی ماوەی گۆڕینی پارێزگارەکانی بانکی ناوەندی و دەستێوەردانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەلادانیان و دانانیان بەوەکالەت، توێژەران سێ پێوەریان بۆ دیاریکردنی پلەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی عێراق بەکارهێناوە کەبرتی بون لە (CWN, GMT, JACOME)، وە بەو دەرەنجامە گەیشتون کە بەپێی هەرسێ پێوەرەکە بانکی ناوەندی عێراق بەپێی یاسا پلەیەکی سەربەخۆیی بەرزی هەبوە، بەڵام لەبواری کردەییدا سەربەخۆییەکەی لەئاستێکی لاوازتردا بوە، چونکە یاساکە وەکو خۆی جێبەجێ نەکراوەو دەستێوەردانی جۆراوجۆر لەلایەن هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان جێبەجێکردنەوە بونەتە هۆی لاوازکردنی سەربەخۆیی کردەیی بانکی ناوەندی .

٧- توێژینەوەی (النصراوي، ٢٠١٤) بەناونیشانی (الهيمنة المالية للدولة الريعية وانعكاستها النقدية في العراق للمدة ٢٠٠٤-٢٠١٢). توێژینەوەکە گەیشتوە بەو ئەنجامەی کە بەرزبونەوەی داهاتی نەوت لەعیراق لەماوەی ساڵانی توێژینەوەکەدا بوەتە هۆی زیادبونی خەرجیەکان و پەیڕەوکردنی سیاسەتی دارایی فراوانکاری و ئەوەیش بوەتە هۆی دروستکردنی گوشار لەسەر بانکی ناوەندی تاکو بەجۆرێك جوڵە بەگۆڕاوە نەختینەییەکان بکات کە وەڵامدەرەوە بێت بۆ سیاسەتی فراوانکارییەی دارایی گشتی.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە کە هەریەك لەو توێژینەوانە بەجیا تەنها کاریان لەسەر یەکێك لەم سێ تەوەرانە کردوە (دیاریکردنی پلەی سەربەخۆیی یاسایی و کردەیی بانکە ناوەندیەکان، کاریگەریی سەربەخۆیی بانکە ناوەندیەکان لەسەر هەڵاوسان و گۆڕاوەکانی تری ئابوریی هەموەکی، کاریگەریی هەژمونی دارایی گشتی لەسەر سیاسەتی نەختینەیی). جیاوازی ئەم توێژینەوەیەی ئێمە لەگەڵ توێژینەوەکانی تر لەوەدایە کە لە دووتوێی یەك توێژینەوەدا کاری لەسەر دوو تەوەری گرنگ کردوە، یەکەمیان بریتیە لە سەربەخۆیی یاسایی و کردەیی بانکی ناوەندیی عێراق، دووەمیش بریتیە لە شیکردنەوە و خستنەڕووی میکانیزمی کارکردنی هەژمونی دارایی گشتی لەسەر گۆڕاوە نەختینەییەکان.

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەیەکی گشتی بۆ سەربەخۆیی بانکی ناوەندی و، هەژمونی دارایی گشتی

## باسی یەکەم/ سەربەخۆیی بانکی ناوەندی

### یەکەم/ چەمکی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی

سەرەڕای ئەوەی پەیوەندیەکانی نێوان حکومەت و بانکی ناوەندی و پرسی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی مێژویەکی کۆنترو دوورو درێژتریان هەیە، بەڵام لە ئەدەبیاتی ئابوریدا یەکەمین کەس کە بەگرنگیەوە قسەی لەسەر ئەم پرسە کردوە لەساڵی ١٨٢٤ (داڤید ریکاردۆ) بوە، کە پێی وابوە سەربەخۆیی بانکی ناوەندی بریتیە لە سەربەخۆیی ئەو بانکە لە حکومەت و  پارەدارنەکردنی(عدم تمويل) بودجەی حکومەت (Georgeta &Lenuta,2017,   254).

(ساموێلسون و نوردهاوس)  پێیان وایە چەمکی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی ئاماژەیە بۆ پاشکۆ نەبونی ئەو بانکە بۆ هیچ یەك لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، وە کارکردنی بۆ داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتی نەختینەیی بەپێی تێڕوانینەکانی بۆ بەرژەوەندیە ئابوریە نیشتیمانیەکانی دەوڵەت (ساموێلسون و نوردهاوس،٢٠٠٦ ،٥٤٠).

(مایکل ئەبجەدمان) ئاماژە بەوە دەکات کە سەربەخۆیی بانکی ناوەندی بەمانای ئەوەدێت داڕێژەران و جێبەجێکارانی سیاسەتی نەختینەیی نەکەونە ژێر گوشارە سیاسیەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتەکانی ترەوە، دەکرێ گوێ لە تێبینی و ئامۆژگاری و ڕاوێژەکانی بەرپرسانی هەرسێ دەسەڵاتەکە بگرن و سودیان لێ وەربگرن بۆ کارەکانیان و بەگشتی هەماهەنگی لەنێوانیان هەبێت، بەڵام بڕیاری کۆتایی لەلای خۆیان دەبێت (ابجدمان،١٩٨٨،٥٦٣).

(ساموێلسون و نوردهاوس) یش لەگەڵ جەختکردنەوەیان لەسەر پاشکۆنەبونی بانکی ناوەندی بۆ هیچ یەك لە دەسەڵاتەکان، لەهەمان کات پییان وایە کە بانکی ناوەندی بەرپرسە لەبەردەم دەسەڵاتی یاسادانان(ساموێلسون،٢٠٠٦، ٥٤١-٥٤٠) ئەمەیش لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە دەسەڵاتی بانکی ناوەندی بەیاسا سەربەخۆیی وەردەگرێت، ئەنجومەنی یاسادانانیش هەم ئەرکی یاسادانانە و هەمیش چاودێری جێبەجێکردنی یاساکان، بۆیە ئەم بەرپرسیاریەتیەی بانکی ناوەندی لەبەردەم دەسەڵاتی یاسادانان بریتیە لە جێبەجیکردنی ئەو یاسایەی کە سەربەخۆییەکەی پێ بەخشیوە، نەوەك پاشکۆ بوون.

سەربەخۆیی بانکە ناوەندیەکان بەواتای سەربەخۆیی تەواو دێت لە پلاندانان و بەڕێوەبردنی سیاسەتە نەختینەییەکان و کاروباری قەرز و پەیکەری ڕێکخراوەیی و دارایی . بەڵام پێویستە سەرنجی ئەوە بدرێت کە سەربەخۆیی بەم گوزارشتە بەمانای لێکدابڕانی تەواو نایەت لە حکومەت و دەسەڵاتی یاسادانان، چونکە بانکی ناوەندیش دامەزراوەیەکە لە چوارچێوەی دامەزارەی گشتی دەوڵەت کاردەکات، بەڵکو بەمانای ئەوە دێت کە بڕیارەکانی بانکی ناوەندی بەتایبەتیش لە بواری نەختینەیی سەربەخۆبن،  لەهەمان کاتیشدا سازاوبن لەگەڵ سیاسەتی گشتیی ئابوریی دەوڵەت (آل طعمة،٢٠١٤، ١٢٣).

**دووەم/ سەرهەڵدان و پەرەسەندنی پرسی سەربەخۆیی بانکە ناوەندیەکان**

پرسی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی و پەیوەندیی نێوان بانکە ناوەندیەکان و حکومەتەکان پرسێکی کۆنە و تەمەنی هێندەی تەمەنی بانکە ناوەندیەکانە (واتە لە دروستبونی یەکەمین بانکی ناوەندیەوە لە ١٦٨٨ لەسوید)، لەو کاتەیشەوە تاکو ئێستا گۆڕانکاری جۆراو جۆری بەخۆوە بینوە (Georgeta & Lenuta, 2017, 254). تاکو جەنگی جیهانیی یەکەم پەیوەندیی نێوان بانکە ناوەندیەکان وحکومەتەکان لەسەر بنەمای دەستێوەرنەدانی حکومەت بوو لەکارو باری بانکەکان و کاروباری ئابوری بەگشتی، ئەرکەکانی حکومەتەکان لەو سەردەمەدا لە دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆیی و دەرەکی و پێشکەشکردنی هەندی خزمەتگوزاریدا کورت دەبونەوە. زۆرێك لە بانکە ناوەندیەکان لەو سەردەمەدا لەکاتی دامەزراندیاندا خاوەنداریەتیان تایبەت بوو، زۆربەیان سەرەتا بانکی بازرگانی بون کە ئەرك و دەسەڵاتی بانکی ناوەندیان پێ درا. بەوپێیەیش بانکە ناوەندیەکان لەو سەردەمەدا سەربەخۆییەکی زۆریان هەبو، ئەوەیش بەهۆی دەستێوەرنەدانی حکومەت لەلایەك و سنوردارییی ئەو ئەرکانەوە کە بانکە ناوەندیەکان پێی هەڵدەستان، کە بریتی بون لە دەرکردنی دراو و قەرزپێدان لەلایەکی تروە. بەڵام سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوری و بێبازاڕی گەورەی ساڵانی ١٩٢٩-١٩٣٢ و کاریگەریەکانی داڕمانی بازاڕە داراییەکان و بێکاری و دابەزینی کۆبەرهەمی ناوخۆیی بونە هۆی گۆڕانی ئەو جۆرە پەیوەندیە، لە نێوان ساڵانی ١٩٣٢-١٩٤٥ زۆرێك لە حکومەتەکان هەڵسان بە خۆماڵیکردنی بانکەکان وەك (دانیمارك، نیوزلەندا، کەندا، ئینگلتەرا، فەرەنسا، هۆڵەندا، بەلجیکا، نەرویج). بەهۆی کاریگەریی قەیرانەکان و دۆخی جەنگی جیهانیی دووەمەوە دەستێوەردانی زۆر و هەمەجۆر لە کاروباری بەڕێوەبردنی بانکە ناوەندیەکان و سیاسەتی نەختینەو قەرزپێدان بەردەوام بوو، سەرەنجام سەربەخۆیی بانکە ناوەندیەکان پاشەکشەی کرد(مصطفى، ٢٠٢١،١٦١-١٦٣).

لەناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو ئاماژەکانی زیندوکردنەوەی سەربەخۆیی بانکە ناوەندیەکان دەرکەوتنەوە، ئەویش بەهۆی ناکارایی ئەو سیاسەتە نەختینانەی کە کۆنترۆڵیان لەدەست حکومەت بو بۆ ڕوبەڕوبونەوە هەڵاوسانی نرخەکان، بەتایبەتیش بەهۆی سەرهەڵدانی دیاردەی هەڵاوسانی پوکاوە( الركود التضخمي – Stagflation). لەو کاتەوە مەیلی گەڕاندنەوەی سەربەخۆیی بۆ بانکە ناوەندیەکان و دەسەڵاتی نەختینەیی و کەمکردنەوەی ڕۆڵی حکومەت سەری هەڵدایەوە، لەسەرەتای نەوەدەکاندا زۆرێك لەدەوڵەتان گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە ڕێگەی دەستەبەرکردنی سەقامگیری نرخەکان بریتیە لەپچڕاندنی ڕایەڵە دامەزراوەییەکان لە نێوان حکومەت و بانکی ناوەندی و، سەربەخۆکردنی بانکەکان لە بەڕێوەبرنی سیاسەتی نەختی بەبێ دەستێوەردانی سیاسی. ئەم پێشهاتە دامەزراوەییانە تاڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری لێکۆڵینەوە تیۆریەکانی (Barro and Gordon -1983) و (Rogoff - 1987) بوون، کە وایان دەرخست سەقامگیری نرخەکان ئاسانتر بەدەست دێت ئەگەر بانکە ناوەندیەکان سەربەخۆییان پێ بدرێت، ئەو دەرەنجامە تیۆریانەیش بە چەندین توێژینەوەی ئەزمونی پشتڕاست کرانەوە کە دیارترینیان ئەمانەن ( Bade and Parkin, 1988, Grilli et al 1991, Cukierman et al 1992, Alesina and Summers, 1995, etc). سەرەنجام ڕەوتی سەربەخۆیی خێرایی بەخۆوە بینی، پەیماننامەی ماسترێختیش لەساڵی

١٩٩٢ گرنگترین ڕوداوی کاریگەر بوو لەو ماوەیەدا، چونکە پەیماننامەکە وەك مەرج جەختی لەسەر سەربەخۆبونی بانکە ناوەندیەکانی دەوڵەتانی ئەوروپی ئەندام دەکردەوە (Harrison & Healey,2003, 150-151 ). هەرچەندە لە دوو دەیەی دواییدا قەیرانی دارایی ساڵی (٢٠٠٨ ) و ساڵی(٢٠٢٠) بونە هۆی سەرهەڵدانەوەی خواستی کەمکردنەوەی سەربەخۆیی بانکە ناوەندیەکان و گوشار دروستکردن بۆ زیادکردنی خستنەڕوی دراو و پارەدارکردنی خەرجیەکانی حکومەتەکان لەلایەن بانکە ناوەندیەکانەوە، بەڵام هەوڵەکان لەڕوی یاسایی و دامەزراوەییەوە نەچونە بواری جێبەجێکردنەوە و سەرەنجام پرسی سەربەخۆیی بانکەناوەندیەکان تاکو ئێستا لەبرەودایە.

**سێیەم / پاساوەکانی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی**

قەیران و گۆڕانکاریەکان لەلایەك و پێشکەوتنەکانی بواری ئابوری و دارایی و بانکی لە لایەکی ترەوە لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردووەوە بونە هۆی زیاتربونی ئەو پاساوانەی کە پاڵپشتی لە سەربەخۆبونی بانکی ناوەندی دەکەن لەزۆربەی وڵاتانی جیهان، ئەوەیش هەمئاهەنگ بوو لەگەڵ بیری ئابوریی هاوچەرخ کە داوای کەمکردنەوەی ڕۆڵی حکومەتەکان لە ژیانی ئابوری و بەشداری کردنی زیاتری کەرتی تایبەت و ئازادی بازرگانی دەکات، لەم ڕووەوە دەکرێ گرنگترین پاساوەکان لەمانەی خوارەوەدا کورت بکەینەوە:

١- پێویستە کاروباری پەیوەست بە نەختینە بەدوور بگیرێت لە هەژمونی سیاسیەکان چونکە ئەندامانی حکومەت و پەرلەمان زیاد لەهەموشتێك بایەخ بەڕازیکردنی دەنگدەرانیان دەدەن، پشتگیری ئەو ڕێکار و سیاسەتانە دەکەن کە لەگەڵ بەرژەوەندیە سیاسەکانیان و سەرکەوتنیان لەهەڵبژاردنەکان و مانەوەیان لەدەسەڵات دەگونجێت(لە ناویشیاندا ناچارکردنی بانکی ناوەندی بە پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەختینەیی فراوانکاری - التوسعي) کە زیان بە بەهای دراوی نیشتیمانی دەگەیەنێت و دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی تێکڕای هەڵاوسان، بۆیە پێویستە کاروباری نەختینە لەدەستی بانکی ناوەندی سەربەخۆدا بێت(محمد و علوش، ٢٠١٩، ٣٦٤-٣٦٥).

٢- بانکی ناوەندیی سەربەخۆ لەڕێگەی پەیڕەوکردنی سیاسەتە نەختینەییەکانیەوە زیاتر دەتوانێت سنور دابنێت بۆ هەڵاوسانی گشتی نرخەکان و، ناسەقامگیریی نرخی ئاڵویری دراو و داڕمانی یەدەگی نەختینەی، چەندین لێکۆڵینەوەی ئەزمونی لەسەر ئاستی وڵاتانی دنیا ئەوەیان پشتڕاست کردوەتەوە وەك لێکۆڵینەوەکانی (A. Cukierman, S Webb, B.Neyapti,1992 و Grilli, Masciandaro, Tabillini,1991 و Bade & Parkin,1988)...هتد.

٣- سەربەخۆیی دەبێتە هۆی سنوردانان بۆ قەرزپێدانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بە حکومەت و پارەدارکردنی بودجەکەی، ئەوەیش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی گشتی دەوڵەت، توێژینەوەکانی (Grilli, Masciandaro, Tabillini,1991) و (Bade & Parkin,1988)...هتد.لەگەڵ چەندانی تر ئەوەیان پشت ڕاستکردوەتە.

٤- سەربەخۆیی بانکی ناوەندی دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی کاریگەریەکانی حکومەت لە سەر بانکی ناوەندی لەبارەی دیاریکردنی داهات و خەرجیەکانی بانکەوە، لەوێیشەوە جیاکردنەوەی

بودجەی گشتی دەوڵەت لە بودجەی بانكی ناوەندی ( الجبوری، ٢٠١١،٧٣).

٥- بانكی ناوەندی سەربەخۆ باشتر دەتوانێت ئەركەكەی لە ڕوی چاودێری و ئاراستەكردنی سیستەمی بانكداریی و دارایی و هەمئاهەنگیی كردن لەنێوان دامەزراوەكاندا جێبەجێ بكات.

بێگومان ڕای پێچەوانەو هەڵوێستی نەیارانە بۆ سەربەخۆیی بانكە ناوەندیەكان لەناو لێكۆڵەراندا بونی هەیەو ئەوانیش بەڵگەو پاساو بۆ هەڵوێستەكانیان دەهێننەوە(الغالبي، ٢٠١٤، ٧٣)، هەوڵی دەستێوەردانیش لەكاروباری بانكە ناوەندیەكان بەزۆر شێوەو بە بەردەوامی لەئارادایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا سەربەخۆیی بانكە ناوەندیەكان زیاتر لە سێ دەیەیە وەك ڕاستیەكی ئابوریی پەسەنكراو لە جیهاندا مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت و، بایەخێكی زۆری پێی دەدرێت وەك گرەنتیەك بۆ ئەوەی كە سیاسەتی نەختینەیی بەجۆرێك دابڕێژرێت و بەڕێوە بچێت كە سازاو بیت لەگەڵ ئامانجەكانی بانكی ناوەندی كە بەپلەی یەكەم لە سەقامگیر كردنی نرخەكاندا خۆیان دەبیننەوە .( Wachtel & Blejer,2020, 105).

**چوارەم/ جۆرەكانی سەربەخۆیی بانكی ناوەندی**

سەرەڕای هەبونی شێوازی دابەشكاریی جیا جیا بۆ جۆرەكانی سەربەخۆیی بانكە ناوەندیەكان، بەڵام زۆرینەی دابەشكاریەكان لەناوەڕۆكدا نزیك و لێكچون، لێرەدا دیارترین دابەشكاری بۆ جۆرەكانی سەربەخۆیی بانكە ناوەندیەكان ئەخینە ڕوو (الصبيحى، ٢٠٢٠، ١٢٦):

١- **سەربەخۆیی لە ئامانجەكان و ئامرازەكان:** سەربەخۆیی ئامانجەكان بریتیە لەتوانای بانكی ناوەندی لەدیاریكردنی ئامانجەكانی بەبێ دەستێوەردان و كەوتنە ژێر كاریگەری دەسەڵات و لایەنەكانی تر، وە سەربەخۆیی لە ئامرازەكانیش بە هەمان شێوە سەبارەت بەدانان و جێبەجێكردنی سیاسەتە نەختینەییەكان و هەڵبژاردنی ئامرازە گونجاوەكان، هەریەك لە ( Stanley Fischer) ئابورناس و جێگری ئەنجومەنی یەدەگی فیدراڵی ئەمریكی و، ئابوریناسی بەناوبانگ (Alan Blinder) جەخت لەوە دەكەن كە پێویستە سەربەخۆیی بانكی ناوەندی ئەو دوو لایەنە لەخۆ بگرێت (صالح، ٢٠٠٨، ٥).

٢- **سەربەخۆیی یاسایی و سەربەخۆیی كردەیی:** سەربەخۆیی یاسایی تایبەتە بەو یاساو ڕێسایانەی كە پەیوەندیەكانی بانكی ناوەندی لەگەڵ هەریەك لە حكومەت و دەسەڵاتی یاسادانان ڕێكدەخەن و سنوری سەربەخۆیی بۆ بانكەكە دیاریدەكەن، بەڵام سەربەخۆیی كردەیی بریتیە لە دۆخی پیادەكردنی سەربەخۆییە یاساییەكە بەكردەوە و كەمی و زۆری دەستێوەردانەكان، (Cukierman) لە پێشەنگی ئەوانەیە كە بایەخی تایبەت بەو دوولایەنەی سەربەخۆیی دەدەن، ئەو پێوەری تایبەتیی داناوە كە لە توێژینەوەكانی ئەو بوارەدا بەكار دەهێنرێت (Cukierman,1992,356-367 ).

٣- **سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی ئابوری** مەبەست لە سەربەخۆیی سیاسی سنوری سەربەخۆیی بانكە لەدیاریكردنی ئامانجەكان و داڕشتنی سیاسەتی نەختینەیی، ئەوەیش بەندە بە سێ لایەنەوە ئەوانیش یەكەم: ڕێكارەكانی دانانی پارێزگار و دەستەی كارگێڕی بانك، دووەم:

پەیوەندیی نێوان ئەو دەستەیە لەگەڵ حکومەت، سێیەم: بەرپرسیاریەتی سەرەکی بانکی ناوەندیی لەدانانی ئامانجە سەرەکیەکانی کە پێویستە سەقامگیرکردنی نرخەکان بێت. سەربەخۆیی ئابوریش مەبەست لێی سەربەخۆییە لە دیاریکردنی ئامرازەکانی جێبەجێکردنی سیاستە نەختینەییەکان بەتایبەتیش لەم دوو لایەنە سەرەکیەوە یەکەم: جڵەوی تەواوی بانکی ناوەندی لەسەر سنور و مەرجی قەرزپێدان بەحکومەت، دووەم: جڵەوی تەواوی بانکی ناوەندی لەسەر ئامرازە نەختینەییەکان. ئەگەر حکومەت بڕیاردەربێت یان کاریگەریی زۆری هەبێت لەسەر مەرج و چەندێتی چۆنێتی پێدانی قەرزو ئەو کەس و لایەنانەی کە قەرز لە بانکی ناوەندی وەردەگرن ئەوە کاریگەریی دەبێت لەسەر بناغەی نەختینە، ئەوەیش بەمانای لەدەست دانی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی دێت (Grilli & Tabilini,1992, 366-369).

**چوارەم/ پێوەرەکانی دیاریکردنی پلەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی**

دیارترینی ئەو پێوەرانەی کە بۆ پێوانی پلەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی بەکاردەهێنرێن ئەمانەی خوارەوەن:

١- پێوەری (CWN) کە لەلایەن (Cukieman, Webb and Neyapti) لە ساڵی ١٩٩٢ دانراوە، لە ڕوی یاسابیەوە کار لەسەر چوار تەوەری سەرەکی دەکات بۆ پێوانی پلەی سەربەخۆیی بانکە ناوەندیەکان، تەوەرەکانیش بریتین لە (دەسەڵاتی دامەزراندن و ماوەی کارکردن و لادانی پارێزگاری بانکی ناوەندی، دەسەڵاتی داڕشتنی سیاسەتی نەختینەیی، ئامانجەکانی بانکی ناوەندی، سنوری قەرزدان بەحکومەت و کڕینەوەی کاغەزە داراییەکانی)، بۆ هەریەك لەو تەوەرانە کێشی پێوانەیی دیاریکراوە، هەرتەوەرێك لەچەند گۆڕاوێك پێکدێت، نمرەی پێوانەیی بۆ یەك بە یەکی گۆڕاوەکانی تایبەت بە تەوەرەکان لەنێوان(٠-١) دیاریکراوە، بە پێی یاسای تایبەتی هەر بانکێکی ناوەندی دەتوانرێت پلەی بەدەستهاتو لەنێوان (٠-١) بۆ هەر گۆڕاوێك دیاری بکرێت. پلەی سەربەخۆیی هەر تەوەرێك لە ئەنجامی کۆکردنەوەی پلەی بەدەستهاتوی گۆڕاوەکانی ناو تەوەرەکەوە دیاری دەکرێت، کۆی پلەی سەربەخۆیی یاسایی بانکی ناوەندییش بەگشتی لە ئەنجامی کۆکردنەوەی پلەی سەربەخۆیی هەر چوار تەوەرەکەوە دیاری دەکرێت. ئەم پێوەرە لەڕوی کردەییەوە کار لەسەر خوێندنەوەی واقیعی کۆمەڵێك تەوەر دەکات بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی سەربەخۆیی کردەیی بانکی ناوەندی، وەك خێرایی گۆڕینی پارێزگاری بانکی ناوەندی، دەستێوەردانە جۆراوجۆرەکان لە کاروباری بانك و سیاسەتە نەختینەییەکان..هتد (Cukierman et al 1992,358-360).

٢- پێوەری (GMT) کە لەلایەن (Grilli, Masciandaro and Tabellini) لەساڵی ١٩٩١ دانراوە، بەپێی ئەم پێوەرە سەربەخۆیی بانکی ناوەندی پێك دێت لە سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی ئابوری. لایەنی سیاسی پەیوەستە بە دەسەڵاتی دانان و لادانی پارێزگار و ئەنجومەنی کارگێری بانك، پەیوەندیەکان حکومەت و ئەنجومەنی کارگێری بانك، بەرپرسیاریەتی دیاریکردنی ئامانجەکانی بانك و داڕشتنی سیاسەتی نەختینەیی. لایەنی ئابوریش پەیوەستە بە سنوری قەرزپێدان بەحکومەت و پارەدارکردنی بودجەکەی، وە دەسەڵاتی بانك لە پیادە کردنی ئامرازە نەختینەییەکان. ئەم پێوەرەیش

بەدیاریکردنی نمرەی پێوانەیی بۆ چەندین گۆڕاوی تایبەت بەگۆڕاوەکانی هەریەك لەو تەوەرانە پلەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی دیاریدەکات (Grilli, et al,1991,288-290).

٣- پێوەری (Jacome) کە درێژکراوەی دوو پێوەرەکەی سەرەوەیە، پێوەرەکانی (ئامانجی بانکی ناوەندی، سەربەخۆیی سیاسی، سەربەخۆیی ئابووری، لێپرسینەوەو شەفافیەت لە سیاسەتەکان و ڕێکارەکان، سەربەخۆیی دارایی بانکی ناوەندی)لەخۆدەگرێت، بە دیاریکردنی نمرەی پێوانەیی بۆ گۆڕاوە جۆراو جۆرەکانیان پلەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی دیاریی دەکات (Haan,1996,47-55).

### باسی دووەم/ هەژمونی دارایی گشتی

### یەکەم/ چەمکی هەژمونی دارایی گشتی

چەمکی هەژمونی دارایی گشتی ئاماژەیە بۆ سیناریۆیەك یان دۆخێك کە سیاسەتی نەختینەیی لەلایەن سیاسەتی داراییەوە جوڵەی پێ دەکرێت(جمعة و معلة،٢٠١٢،٢٠). دەشێ هەژمونی دارایی گشتی لەڕێگەی یاساو فەرمان دەرکردنی ڕاستەوخۆوە نەبێت لەلایەن حکومەتەوە، بەڵام بەو پێیەی کە دارایی گشتی و سیاسەتی دارایی لەلایەن حکومەتەوە بەڕێوەدەبرێن، ئیدی هەبونی هەر جۆرە هەژمونێکی دارایی گشتی بەسەر سیاسەتی نەختینەییدا بەواتای لەدەستدانی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی دێت. هەربۆیە چەمکی هەژمونی دارایی گشتی چەمکێکی پێچەوانەیە لەگەڵ سەربەخۆیی بانکی ناوەندی (محمد و علوش،٢٠٢٠، ٩٥).

پەیوەندیی هەژمونی دارایی گشتی لە گەڵ سەربەخۆیی بانکی ناوەندی پەیوەندیەکی یاسایی و دامەزراوەیی ڕاستەوخۆ نیە، بەڵکو کارلێکێکە لەڕەوتی کارکردنی دامەزراوەکانی دارایی و نەختی ووڵات لە چوارچێوەی سیستەمێکی ئابوریی دیاریکراو و لاوازیی ئاستی هەماهەنگیی کارکردنی ئەو دوو دامەزراوەیەوە دروست دەبێت. هەژمونی دارایی لە ئەنجامی کورتهێنانی زۆری بودجە و ئاستێکی بەرزی قەرزە گشتیەکانی حکومەتەوە دروست دەبیت، کاتێك حکومەت پلان بۆ خەرجیەکانی دادەنێت بەبی هەماهەنگی لەگەڵ دەسەڵاتی نەختینەیی، قەبارەی خەرجیەکانی دیاریدەکات بەبێ بایەخدانێکی ئەوتۆ بەقەبارەی کورتهێنانی بودجە، پاشتر کورتهێنانەکەیش دەبێ بەقەرزکردن لە بانکی ناوەندی یان لەرێگەی بازاڕی داراییەوە ( بەفرۆشتنی قەواڵەی درایی و حەواڵەکانی گەنجینەی حکومەت و..هتد) پڕبکرێتەوە، ئەوەیش لەهەردوو بارەکەدا بەو واتایە دێت کە بانکی ناوەندی دەکەوێتە دۆخێکەوە کە ناچارە لەژێر کاریگەری کورتهێنانی بودجەی گشتی و قەرزاری حکومەتدا بڕیار لەسەر پرسەکانی تایبەت بە خستنەڕوی دراو و جوڵە پێکردنی بناغەی نەخت (اساس النقدی-Base Money - M0) بدات (علي،٢٠١٥، ٢٠-٢٢).

کاتێك بانکی ناوەندی سەربەخۆ نەبێت و لەژێر کاریگەری و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی حکومەتدا بێت ئیدی حکومەت گرنگی ئەوتۆ نادات بە زیادبونی کورتهێنانی بودجەکەی وترسی لە زیادبونی تێچوی قەرزەکان نیە، چونکە بانکی ناوەندی زۆربەی کورتهێنانەکانی بۆ پارەدار(تمويل) دەکات، چ لە ڕێگەی سەرچاوە ڕاستەقینەکانیەوە بێت یان بەدەرکردنی دراوی نوێ زیاتر، ئەوەش دەبێتەهۆی خستنەڕوی نەختینەی زیاتر، کە کاریگەری نەرێنی لەسەر سەقامگیریی نرخەکان دەبیت.

لەکاتێکیشدا کە بانکی ناوەندی لەڕوی یاسایی و دامەزراوەییەوە سەربەخۆ بێت، بەڵام بەهۆی بەردەوامیی حکومەت لەزیادکردنی قەبارەی خەرجیەکانی و گەورەبونی قەبارەی کورتهێنان و کەڵەکە بونی قەرزەکانی، وە بەهۆی لاوازیی بازاڕی دارایی ناوخۆییەوە، ئیدی بانکی ناوەندی ناچار دەبێت بۆ بەنەختینە کردنەوەی قەرزەکانی حکومەت حەواڵەکانی گەنجینەو قەواڵە داراییەکانی حکومەت لە بازاڕی لاوەکی (سوق الثانوی) بکڕێتەوە، ئەوەیش بەهەمان شێوە بەمانای زیاد کردنی خستەڕوی دراو و دەرچونی نەخت (اصدار النقدی) نوێ دێت. کە سەرەنجام  لەهەمو بارێکدا دەبێتە هۆی کەمبونەوەی توانای دەسەڵاتی نەختینەیی و لاوازبونی ڕۆڵەکەی بۆکاریگەری دروستکردن لەسەر گۆڕاوەکانی ماکرۆ ئابووری، بەتایبەتیش ئاستی گشتی نرخەکان (مسعود،٢٠٠٧،٢٧٥).

لێرەدا پێویستە سەرنجی ئەوە بدەین لە مۆدێلی ئابوریی نەوتیدا جگە لە گەورەیی قەبارەی قەرزە ناوخۆییەکان گۆڕاوێکی تریش ڕۆڵی گەورەی هەیە لە جوڵە پێکردنی بناغەی نەختینە و خستنەڕوی دراو، ئەویش کاریگەریی زۆری داهاتی نەوتیە (کە بەدراوی بیانیە) لەسەر گۆڕینی قەبارەی هەبوەکان و پابەندیەکان لە بودجەی بانکی ناوەندیدا (موجودات و المطلوبات فی میزانیة العمومیة للبنك المرکزی) کە پاشان زیاتر ڕونی دەکەینەوە. دیارە کە داهاتە نەوتیەکانیش بەشێکن لەدارایی گشتی و گۆڕاوێکی سەرەکیی ناو بودجەی گشتین. ئەم دۆخە لەگەڵ کورتهێنانی بودجەی گشتی و قەرزە ناوخۆییەکان دۆخێك دروست دەکەن کە پێی دەوترێت هەژمونی دارایی- نەوتی کە هەژمونێکی دووانەییە و پەیوەندیی بە یاساکانەوە نیەو چارەسەریشی بەیاساو ڕێساکان ناکرێت بەڵکو تەنها لەرێگەی گۆڕانی ڕیشەی بونیادی ئابوری و فرەچەشنکردنیەوە دەکرێت(علي،٢٠١٢،٧).

**دووەم/ میکانیزمەکانی کارکردنی هەژمونی دارایی گشتی  لەسەر سیاسەتی نەختی**

پەیوەندیی نیوان گۆڕاوەکانی دارایی گشتی و گۆڕاوە نەختینەییەکان بەجۆرێکە کە هەرکاتێك پشکی قەرزەکانی سەرحکومەت  لە بناغەی نەختینە لەناو بودجەی بانکی ناوەندی( الاساس النقد فی میزانیة العمومیة للبنك المرکزی) گەورە بوو، ئەوە دامەزاروەی نەختینەیی لەژێر هەژمونی دارایی گشتیدایە (Fiscal Dominance)، بەو واتایەی کە بناغەی نەختینە بودجەی بانکی ناوەندی جوڵە دەکات بەپێی ئاراستەکانی کڕین و فرۆشتنەوەی ئامرازەکانی قەرزەکانی حکومەت بەتایبەتیش حەواڵەکانی گەنجینە، چ ڕاستەوخۆ، یان لەبازاڕی لاوەکی کە ئەوەیان لەڕوی یاساییەوە ڕێگە پیدراوە (علي،٢٠١١، ٨).

کاتێك بانکی ناوەندی وەك کڕیارهەڵدەستێت بەداشکاندنەوەی حەواڵەکانی گەنجینەی حکومەت کە لەلای بانکە بازرگانیەکانن، قەبارەی قەرزە ناوخۆییەکان و دەرچونی دراو لەناو بناغەی نەختینە ڕو لەزیاد بوون دەکەن، کاریگەریی ئەم پرۆسەیە لە بودجەی بانکی ناوەندی سەرەتا دەبێتە هۆی زیادبونی پوختەی قەرزی ناوخۆیی لە ناو هەبوەکان و زیادبونی یەدەگی بانکەکان لە ناو پابەندیەکانی. کاتێکیش بانکەکان باڵانسی نوێیان بەکاردەهێنن ئەوە دەبیتە هۆی زیاد بونی دەرچونی دراو و دابەزینی یەدەگی زیادەی بانکەکان لە خانەی پابەندیەکان، واتە سەرەنجامی

پرۆسەکە دەبێتە هۆی زیادبونی بودجەی بانکی ناوەندی، بەڵام بەپێچەوانەوە کاتێك کە بانکی ناوەندی وەك فرۆشیار مامەڵە بکات و هەڵسێت بە فرۆشتنەوەی بەشێك لەو حەوالانەی کە پێشتر کڕیونی، کە پرۆسەکە پێی دەوترێت دووبارە کڕینەوەی پێچەوانە (Reverse Repurchase)، لەم کاتەدا قەرزە ناوخۆییەکان لە لایەنی هەبوەکان کەم دەبنەوە و یەدەگی زیادەی بانکەکانیش بەهەمان شێوە، سەرەنجام بودجەی گشتیی بانکی ناوەندی کەم دەبێتەوە (علي،٢٠١٥،٢٠).

لەلایەکی تریشەوە خەرجی حکومی لە دەوڵەتانی نەوتیدا کە لەداهاتی دەرەکیەوە سەرچاوەی گرتوە جگە لە کاریگەری گەورەی لەسەر هەبوە بیانیەکان، کاریگەریی ڕونی لەسەر خستنەڕوی دراویش هەیە، چونکە ئەو داهاتانە دەگۆڕدرێن بۆ دراوی ناوخۆیی بەمەبەستی بەکارهێنانیان بۆ پارەدارکردنی خەرجیە ناوخۆییەکان، ئەوەیش لەڕێگەی دەرچونی نەختی نوێوە جێبەجێ دەبێت، ئەوەیش بریتیە لە پرۆسەی بەنەختینەکردنەوەی هەبوە بیانیەکان (تنقيد للموجودات الاجنبية)، لەڕێگەی دەرکردنی(اصدار) دراوی ناوخۆیی(الاحول، ٢٠٠٥، ٥٤).

کاتێك حکومەت دراوی بیانی ئەگۆڕێتەوە بەدراوی ناوخۆیی لەلای بانکی ناوەندی، ئەوە لەسەرەتادا سپاردەکانی حکومەت بەدراوی بیانی لەلای بانکی ناوەندی کەم دەبنەوە و سپاردەکانی بەدراوی ناوخۆیی زیاد دەکەن، پاش ئەوە حکومەت سپاردە نیشتیمانیەکانی بە مەبەستی بەکارهێنانیان دەگوازێتەوە سەر ئەژماری بانکەکان، بەوەیش یەدەگی بانکەکان بەدراوی ناوخۆیی لەلای بانکی ناوەندی زیاد دەبێت، دواتر لەکاتی جێبەجێکردنی پێدانەکان(المدفوعات) بڕی دراوی دەرچو (العملة المصدرة) زیاد دەبێت. بەم جۆرە کڕینەوەی دراوی بیانی لەحکومەت (کە سەرچاوەکەی داهاتی نەوتی هەناردەکراو) دەبێتە هۆی زیادبونی قەبارەی هەبوەکان و پابەندیەکان لەبودجەی بانکی ناوەندی واتە زیاد بونی بناغەی نەختینە، بەپێچەوانەیشەوە ڕاستە کاتێك کە بانکی ناوەندی وەك فرۆشیاری دراوی بیانی مامەڵە دەکات لە ڕێگە پەنجەرەی فرۆشتنی دراوی بیانیەوە (نافذة بيع عملة الاجنبية) (علي،٢٠١٥،٢١).

بەم پێیەیش قەرزە ناوخۆییەکان و داهاتە نەوتیەکان لە جوڵەپێکردنی بناغەی نەختینەی بانکی ناوەندی کارتێکەری هەرە بەهێزن کە ئەوەیش ئاماژەی ڕونە بۆ هەبونی هەژمونی دارایی گشتی بەسەر سیاسەتی نەختینەیدا. خشتەی (١) پوختەیەکی پەیکەری بودجەی بانکی ناوەندی دەردەخات کەتەنها ئاماژە بەحسابە سەرەکیەکان دەکات (علی،٢١،٢٠١٥).

**خشتەی (١)**

**پوختەی پەیکەری بودجەی گشتی بانکی ناوەندی (خلاصة هيكل الميزانية العمومية للبنك المركزي)**

| هەبوەکان (الموجودات) | پابەندیەکان( المطلوبات) |
|---|---|
| • پوختەی هەبوە بیانیەکان (صافی الموجودات الاجنبية).<br>• پوختەی قەرزە ناوخۆییەکان. | • یەدەگی بانکەکان<br>• دراوی دەرچو (العملة المصدرة) |
| بناغەی نەختینە (الاساس النقدی) | بناغەی نەختینە |

**سەرچاوە: د. احمد ابريهي علي، سياسة الدين العام و خصائص الاقتصاد النفطي، مجلة العراقية للعلوم الاقتصادية، جامعة المستنصرية، المجلد ١٣، العدد ٤٦، ٢٠١٥، ص ٢١.**

وەك لە خشتەی (١) دەردەکەوێت بناغەی نەختینە لە ستونی هەبوەکاندا پێکدێت لە پوختەی هەبوە بیانیەکان و پوختەی قەرزە ناوخۆییەکان (کە بەشی هەرە زۆری پوختەی هەبوە ناوخۆییەکان پێك دەهێنن)، وە لەستونی پابەندیەکانیشدا پێکدێت لە پوختەی یەدەگی بانکەکان و دراوی دەرچو، وەك لەسەرەوە ڕونمان کردەوە، لەدوخی هەژمونی دارایی-نەوتیدا، گەورەیی قەبارەی قەرزە ناوخۆییەکان و داهاتی نەوتی خاوی هەناردەکراو ئەو بزوێنەرە هەرە سەرەکیانەن کە جوڵە بە بناغەی نەختینە و خستنەڕوی دراو دەکەن. واتە گۆڕانی هەریەك لە بناغەی نەختینەو خستنەڕوی دراو پاشکۆی ئەو گۆڕانانەیە کە لە پوختەی هەبوە بیانیەکان و پوختەی قەرزی ناوخۆیی حکومەت و قەرزی کەرتی تایبەتدا ڕو دەدەن، وەك لەم دوو هاوکێشەیەی خوارەوە دەردەکەوێ:

- پەیوەند نێوان بناغەی نەختینەو قەرزە ناوخۆییەکان و هەبوە بیانیەکان (جیاس و محمد، ٢٠١٦، ٣٩٢):

$\Delta B = \Delta CG + \Delta NFA + \Delta NL$

($\Delta B$) هێمایە بۆ گۆڕان لە بناغەی نەختیە، ($\Delta CG$) گۆڕان لە قەرزەکانی حکومە، ($\Delta NFA$)گۆڕان لە پوختەی هەبوە بیانیەکان، ($\Delta NL$) گۆڕان لە قەرزی بانکەکان.

- پەیوەندی نێوان خستنەڕوی دراو و قەرزە ناوخۆییەکان و هەبوە بیانیەکان(جیاس و محمد، ٢٠١٦، ٣٨٦):

$M = NFA + NCG + CP$

(M) هێمایە بۆ خستنەڕوی دراو، ( NFA ) هەبوە بیانیەکان، (NCG) پوختەی قەرزەکانی حکومەت، (CP) قەرزەکانی کەرتی تایبەت.

بەم جۆرە هەژمونی دارایی کۆت وبەند(قیود) بۆ بانکی ناوەندی دروست دەکات لەبەڕێوەبردنی سیاسەتە نەختینەییەکان، وادەکات کە بناغەی نەختینە و خستنەڕوی دراو وەك پاشکۆی سیاسەتی دارایی جوڵەی پی بکرێت. ئەمەیش بەواتای لەدەستدان یان کەمبونەوەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی دێت. چونکە هەرکات بانکی ناوەندی چ ڕاستەوخۆ یان نا راستەوخۆ پابەند بێت بە بناغەی نەختینەی دیاریکراوەوە یان بە پارەدارکردنی بودجەی گشتیەوە ئەوە سەربەخۆییەکەی لەدەست دەدات (آل طعمة،٢٠١٤،١٢٤).

**سێیەم/ هۆکارەکانی هەژمونی دارایی گشتی**

هۆکارە ڕیشەییەکانی هەژمونی دارایی زۆر و جۆراوجۆرن و بەپێی جیاوازی بیر و سیستەمی ئابوری و کۆمەڵایەتی وڵاتان دەگۆڕین، بەڵام ئەوەی ڕای زۆرینەی لەسەرە ئەوەیە کە هۆکاری هەرە سەرەکی هەمیشە هۆکاری سیاسیە، کاتێك کە بڕیارە ئابوریەکان لەلایەن سیاسیەکانەوە و بەپێی تێروانینێکی سیاسیانە دەدرین ئیدی کێشەکە سەرهەڵدەدات و فراوان دەبێت. لەم ڕووەوە تیۆری بژاردەی گشتی و بەسیاسی کردنی دارایی و تیۆری چڕبونەوەی دەسەڵات پەنجەیان خستوەتە سەر

هۆكارەكە(محمد وعلوش، ٢٠٢٠، ٢٢-٢٦).

بەپێی تیۆری بژاردەی گشتی، دەسەڵاتدارانی حکومەت لەپێناوی بەدەستهێنانی ڕەزامەندی دەنگدەراندا هەڵدەستن بە زیاد کردنی خەرجیەکان و کورتیپێهێنانی بودجەی گشتی بەقەبارەی گەورەو بەشێوەی بەردەوام، چونکە بەپێی ئەم تیۆریە ڕەوشتی دەنگدەران لە کایەی سیاسیدا وەك ڕەوشتیان وایە لەبازاڕی شتومەکدا کە زیاد لەهەموشتێك لەسەر بنەمای زیادکردنی کەڵکی کەسی بڕیاردەدەن. هەر چی تیۆری چڕبونەوەی دەسەڵاتیشە ئەوە پێی وایە بەهۆی دەستکراوەیی تەواوی فەرمانڕەوایان لەبڕیاردان لەخەرجیەکان، و زیادبونی خەرجیەکانی بواری سەربازی و خەرجیە ناپێویستەکانی ترو بەهەدەردانی زۆر و هەوڵی مانەوە لەدەسەڵات، ئیدی زیادکردنی قەبارەی خەرجیەکان و کورتیپێهێنانی بودجەی گشتی بەردەوامیی پێ دەدرێت (محمد وعلوش، ٢٠٢٠، ٢٢-٢٦). وەك پێشتریش ڕونمان کردەوە کە هۆکاری ڕیشەیی هەژمونی دارایی گشتی بریتیە لە کورتهێنانی بودجە و گەورەیی قەبارەی قەرزەکانی سەر حکومەت.

سەرەڕای هۆکاری سیاسی هۆکارێکی تری ڕیشەیی هەژمونی دارایی گشتی بریتیە لە لاسەنگیەکانی بونیادی ئابووری بەتایبەتیش لە دەوڵەتانی نەوتی. داهاتی نەوتی لەو دەوڵەتانەدا ڕێژەیەکی زۆر بەرز لە کۆی داهاتەکان پێك دەهێنێت، داهاتە نەوتیەکەیش بە دراوی بیانین، بازاڕی دارایی و نەختیی ناوخۆیی توانای گۆڕینەوەی ئەو قەبارە زۆرەی دراویی بیانیی نیە، بۆیە حکومەت ڕوودەکاتە بانکی ناوەندی بۆ گۆڕینەوەی دراوە بیانیەکە بەدراوی ناوخۆیی، تاکو خەرجیەکانی پی جێبەجێ بکات. ئەمەیش لەهەردوو لایەنەوە کاردەکاتە سەر بناغەی نەختینە لە بودجەی بانکی ناوەندی، هەروەك لەسەرە ڕونمان کردەوە، لەلایەکەوە دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی ئاستی هەبوە بیانیەکان، لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی زیادبونی دراوی دەرچو و خستنەڕوی دراوی ناوخۆیی لەلایەنی پابەندیەکان (جمعة ومعلة،٢٠١٢، ٢٧). ئەمەیش لەپاڵ خەسڵەتەکانی سیاسەتی خەرجکردن و کورتهێنانی بودجەو قەرزە ناوخۆییەکاندا، بەجۆرێك هەژمونی دارایی گشتی دەکەنە دیفاکتۆ، کە بۆ دامەزراوەکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیش چارەسەرکردن و تێپەڕاندنی ئاسان نابێت.

## بەشی دووەم

## سەربەخۆیی بانکی ناوەندی عێراق

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد سەربەخۆیی بانکی ناوەندی دوولایەن دەگرێتەوە لایەنی یاسایی و لایەنی کردەیی، بۆ دیاریکردنی پلەی سەربەخۆیی یاسایی بانکی ناوەندیی عێراق دەبی پشت بە دەقی یاسای بانکی ناوەندیی عێراق ژمارە ٥٦ی ساڵی ٢٠٠٤ ببەستین کە ئەرك و دەسەڵات و تایبەتمەندیەکانی بانکەکەی دیاریکردوە، بۆ خوێندنەوەی دۆخی سەربەخۆیی کردەییش پێویستە سەرنج بخەینە سەر هەنگاوە کردەییەکانی بانکەکە لە بەڕێوەبردنی کاروبارە تایبەتیەکانی و لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتە نەختینەییەکان و پرسی قەرزپێداندا، لەگەڵ ئاست و سنوری دەستێوەردانی دەسەڵاتەکانی تر لەو ڕووەوە.

**یەکەم/ سەربەخۆیی یاسایی**

بانکی ناوەندیی عێراق لەسەرەتای دروستبونیەوە تاکو ئێستا بەسێ قۆناغی سەرەکیدا تێپەڕیوە، قۆناغی یەکەم لەماوەی ساڵانی ١٩٤٧-١٩٥٨ کە بەقۆناغی سەربەخۆیی ناسراوە، قۆناغی دووەم لەماوەی ساڵانی ١٩٥٨-٢٠٠٣ کە بەقۆناغی پاشکۆیی تەواو ناسراوە، لەم قۆناغەدا سیاسەتە نەختینەییەکان جگە لەئامرازێك بەدەست حکومەتەوە هیچی تر نەبوون، دەرکردنی بڕیار و داڕشتنی پلان و سیاسەتە نەختینەییەکان بەپێی یاسا پێویستیان بەپەسەندکردن هەبوو لەلایەن وەزیری داراییەوە...هتد (الزبيدي و اخرون، ٢٠٢١، ٣٢-٣٣)، هەر لەو قۆناغەدا خستنەڕووی دراو تەنها وەك سەرچاوەیەك لەسەرچاوەکانی پارەدارکردنی بودجەی گشتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرا، واتە بەگشتی بانکی ناوەندیی عێراق لەو قۆناغەدا چ لەڕووی یاسایی و دامەزراوەیی چ لەڕوی کردییەوە پاشکۆی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بوە، (شندی و عبد ضيدان،٢٠١٧،٣).

قۆناغی سێیەم لە (٢٠٠٤) تاکو ئێستا دەگرێتەوە. دەرچونی یاسای بانکی ناوەندی عێراقی ژمارە ٥٦ی ساڵی ٢٠٠٤، گۆڕانکاری بەسەر ئەرك و تایبەتمەندی و ئاستی سەربەخۆیی بانکەکەدا هێنا، لێرەدا لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی پێوەرە یاساییەکانەوە هەوڵی دیاریکردنی پلەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی عێراق لەم قۆناغەدا دەدەین، بۆ ئەمەیش سود لە مۆدێلی پێوانەی (CWN) وەردەگرین، لەبەشی یەکەمدا بەئەندازەی پێویست تیشکمان خستنەسەر ئەو مۆدێلە و تەوەرەکانی. لێرەدا لەسەر بنەمای بژاردەی گونجاو بۆ پرسیار و گۆڕاوەکانی پێوەرەکە بەپێی یاسای بانکی ناوەندی عیراق ژمارە ٥٦ی ساڵی ٢٠٠٤ نمرەی گۆڕاوەکانی هەر تەوەرێك دیاریدەکەین، پاشانیش بەکۆکردنەوەی نمرەی سەربەخۆیی هەر چوار تەوەرەکە نمرەی گشتی سەربەخۆیی یاسایی بانکی ناوەندی عیراق دیاری دەکەین.

**یەکەم/ تەوەری پارێزگاری بانك: دامەزراندن، ماوەی کارکردن و لادانی:** بەپێی پێوەری (CWN) کێشی پێوانەیی ئەم تەوەرەیە ٢٠% کۆی کێشی پێوانەیی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی پێك دەهێنێت. وەك لەخشتەی (٢) دیارە کە بانکی ناوەندیی عێراق لەم تەوەرەیەدا ١٥%*ی کێشی پێوانەیی بەدەست هێناوە.

---

* ئەم تەوەیەرەیە چوار گۆڕاوی سەرەکی لەخۆ دەگرێت، کێشی پێوانەیی کۆی گۆڕاوەکانی ئەم تەوەرەیە ٢٠%ی کۆی کێشی پێوانەیی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی پێك دەهێنێت. وەك لە خشتەی (٢) دیارە بۆ هەر گۆڕاوێك چەند بژاردەیەك هەیەو بۆ هەر بژاردەیەکیش نمرەی پێوانەیەی دیاری کراوە کە لە نێوان (٠-١) دایە. بەپێی یاسای بانکی ناوەندی عێراق بۆ هەر گۆڕاوێك بژاردەیەکمان دیاریکردوە، بەپێی نمرەی پێوانەیی بژاردەکە نمرەی بانکی ناوەندیی عێراق بۆ گۆڕاوەکە دیاریکراوە، پاشتر نمرەی بەدەستهاتوی هەرچوار گۆڕاوەکە کۆکراوەتەوە و ئەنجامەکەی دابەشی چوار کراوە ئینجا جارانی کێشی پێوانەیی تەوەرەکە کراوە، بەم جۆرەی خوارەوە کە لەکۆتایی خشتەی تایبەت بە تەوەرەکەیشدا خراوەتە ڕوو:

[( ١+ ٠،٥+٠،٥+١)/٤] * ٢٠%= ١٥%. ئەم شێوازی هەژمارکردنە شێوازی پەیڕەوکراوی پێوەری (CWN)، بەهەمانشێوە بۆ کۆی تەوەرەکانی تریش بەکاردەهێنرێت بەڕەچاوکردنی ژمارەی گۆڕاوەکان و کێشی پێوانەیی تەوەرەکان.

**خشتەی(٢) پێوانەی پلەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی عیراق لەڕوی دامەزراندن و ماوەی کارکردن و لادانی پارێزگاری بانکەوە**

| پارێزگاری بانك | کێشی پێوانەیی ٢٠% | نمرە بەپێی یاسای بانکی ناوەندی عیراق |
|---|---|---|
| أ- ماوەی کارکردنی | نمرە بەپێوانەیی | |
| **زیاتر لە ٨ ساڵ** | ١،٠٠ | ١،٠٠ |
| ٦ – ٨ ساڵ | ٠،٧٥ | |
| ٥ ساڵ | ٠،٥٠ | |
| ٤ ساڵ | ٠،٢٥ | |
| لە ٤ ساڵ کەمتر | ٠ | |
| **ب- لایەنی دامەزراندنی** | نمرە | |
| ئەنجومەنی کارگێڕیی بانك | ١،٠٠ | |
| دەستەیەك لە ئەنجومەنی کارگێڕیی بانك و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاساداْنان | ٠،٧٥ | |
| دەسەڵاتی یاساداْنان | ٠،٥٠ | ٠،٥٠ |
| دەسەڵاتی جێبەجێکردن (ئەنجومەنی وەزیران) | ٠،٢٥ | |
| یەك یان دوو ئەندام لە ئەنجومەنی وەزیران | ٠ | |
| ج- لەسەر کار لادان | نمرە | |
| لەیاسادا باس نەکرابێت | ١ | |
| بەهۆکاری نا سیاسی | ٠،٨٣ | |
| لێکدانەوەی ئەنجومەنی کارگێڕی بانك | ٠،٦٧ | |
| لێکدانەوەی دەسەڵاتی یاساداْنان | ٠،٥٠ | ٠،٥٠ |
| لادانی بێ مەرج لەلایەن دەسەڵاتی یاساداْنانەوە | ٠،٣٣ | |
| لێکدانەوەی دەسەڵاتی جێبەجکردن | ٠،١٧ | |
| لادانی بێ مەرج لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە | ٠،٠٠ | |
| د- ئایا ئەرکێکی تر یان پۆستێکی تر لەحکومەت بەڕێوەدەبات | نمرە | |
| نەخێر | ١،٠٠ | ١،٠٠ |
| بەمۆڵەتی دەسەڵاتی یاساداْنان | ٠،٨٣ | |
| هیچ یاسایەك ڕێگریی ئەوەی لێ ناکات | ٠،٦٧ | |
| [(١+ ٠،٥+٠،٥+١)/٤] * ٢٠%= <u>١٥%</u> | | ١٥% |

سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە (CWN) ویاسای بانکی ناوەندی عراق ژمارە ٥٦ی سالی ٢٠٠٤.

**دووەم/ تەوەری داڕشتنی سیاسەتی نەختینەیی:** تایبەتە بە دەسەڵاتی داڕشتنی سیاسەتی نەختی و ڕۆڵی لایەن و دەسەڵاتەکان و دەستیوەردانەکان، کێشی پێوانەیی کۆی گۆڕاوەکانی ئەم تەوەرەیە ١٥% یە، وەك وەك خشتەی (٣) دیارە بانكی ناوەندیی عێراق لە ٨%ی ئەو ڕێژەیە بەدەست هێناوە.

**خشتەی(٣) پێوانەی پلەی سەربەخۆیی بانكی ناوەندی عێراق لەڕوی داڕشتنی سیاسەتی نەختیەوە**

| policy formulation داڕشتنی سیاسەتی نەختینەیی | کێشی پێوانەیی ١٥% | نمرە بەپێی یاسای بانکی ناوەندی عێراق |
|---|---|---|
| أ- کێ سیاسەتی نەختینەیی دادەڕێژێت | نمرەی پێوانەی | |
| تەنها بانك | 1.00 | 1.00 |
| بانك بەشدارە بەڵام کاریگەریی کەمە | 0.67 | |
| بانك ڕاسپاردە دەداتە حکومەت | 0.33 | |
| بانك هیچ قسەی نیە | 0.00 | |
| ب- کێ خاوەنی قسەی کۆتاییە بۆ چارەسەری ناکۆکیەکان | | |
| بانك؛ سەبارەت بەو کێشانەی کە یاسا بەڕونی دیاریکردون وەك ئامانجەکان | 1.00 | |
| حکومەت؛ ئەگەر یاسا ڕونکردنەوەی نەدابو، یان کێشەکە لە ناو بانك بوو | 0.80 | |
| دەستەیەك لە ئەنجومەنی بانك و دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانان | 0.60 | 0.60 |
| دەسەڵاتی یاسادانان لە پرسەکانی سیاسەت (Policy) | 0.40 | |
| دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەپرسەکانی سیاسەت (Policy) بەپێی ڕێساو پەیرەوکراوەکان | 0.20 | |
| دەسەڵاتی جێبەێکردن ڕۆڵی یەکلاکەرەوە و بێمەرجی هەیە | 0.00 | |
| ج- ڕۆڵی بانك لە لەپرۆسەی ئامادەکردنی بودجەی حکومەت | | |
| بانك ڕۆڵی چالاکانە دەگێڕیت | 1.00 | |
| بانك هیچ کاریگەریەکی نیە | 0.00 | 0.00 |
| [ ( ١+٠,٦+ ٠) / ٣ ] * ١٥% = ٨% | | ٨% |

**سەرچاوە: ئامادەکردن توێژەر بە پشت بەستن بە (CWN) و یاسای بانکی ناوەندی عراق ژمارە ٥٦ی ساڵی ٢٠٠٤.**

**سێیەم/ تەوەری ئامانجەکان:** تایبەت بەجۆری ئامانجەکانی بانکی ناوەندی و چۆنیەتی دیاری کردنی، کێشی پێوانەیی کۆی گۆڕاوەکانی ئەم تەوەرەیە ١٥% یە، وەك لەخشتەی (٤) دیارە بانکی ناوەندیی عێراق ٦%ی ئەو ڕێژەیەی بەدەستهێناوە.

**خشتەی(٤) پێوانەی پلەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی عێراق لەڕوی دیاریکردنی ئامانجەکانەوە**

| ئامانجەکان Objectives | کێش ١٥% | |
|---|---|---|
| سەقامگیری نرخەکان وەك تاکە ئامانج یان ئامانجی سەرەکیی بانك بەپێی یاسا، وە بانکی ناوەندی خاوەنی قسەی کۆتاییە لەکاتی دروست بونی ناکۆکی لەگەڵ ئامانجەکانی تری حکومەت | 1.00 | |
| سەقامگیری نرخەکان تاکە ئامانجە | 0.80 | |
| سەقامگیری نرخەکان یەکێکە لە ئامانجەکان کە سازاوە لەگەڵ ئامانجەکانی تری وەك سەقامگیری سیستەمی بانکداری | 0.60 | |
| سەقامگیری نرخەکان یەکێکە لە ئامانجەکان لەگەڵ ئامانجی تری نەسازاو وەك بەگەڕخستن تەواوەتیی دەستی کار( full employment) | 0.40 | 0.40 |
| هیچ ئامانجێك دیاری نەکراوە لە یاساکاندا | 0.20 | |
| ئامانجە ڕاگەیەنراوەکان سەقامگیریی نرخەکان لەخۆ ناگرن | 0.00 | |
| ٠،٤٠ * ١٥% = ٦% | | ٦% |

سەرچاوە: ئامادەکردن توێژەر بە پشت بەستن بە (CWN) و یاسای بانکی ناوەندی عراق ژمارە ٥٦ی سالی ٢٠٠٤.

**چوارەم/ تەوەری سنوری قەرزپێدان بەحکومەت و کڕینەوەی کاغەزە داراییەکانی،** تایبەتە بە سنو رو مەرج و ڕێکارو دەسەڵاتەکانی پێشینە و قەرزپێدان بەحکومەت و کڕینەوەی کاغەزە داراییەکانی لەلایەن بانکی ناوەندییەوە، کێشی پێوانەیی تەوەرەکە ٥٠%یە، وەك لە خشتەی (٥) دەردەکەوێت بانکی ناوەندیی عێراق ٤٩,٤% ی ئەو ڕێژەیەی بەدەست هێناوە .

**خشتەی(٥) پێوانەی پلەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندیی عێراق بەپێی سنوری قەرزپێدان بەحکومەت و کرینەوەی کاغەزە داراییەکانی.**

| سنوردانان بۆ  قەرزپێدان  بە حکومەت | کێش ٥٠% | | نمرە بەپێی یاسای بانکی ناوەندی عیراق |
|---|---|---|---|
| ١- پیشینەپێدان (التسليف) | %١٥ | | |
| پێشینە پێدان ڕێگە پێدراو نیە | | 1.00 | 1.00 |
| پێشینە پێدان ڕێگەپێدراوە بەمەرج و ڕێکاری توند و تا ڕێژەیەکی کەم | | 0.67 | |
| پێشینە پێدان ڕێگەپێدراوە  بەسنوردارییەکی ساکار و تاڕێژەیەکی بەرز | | 0.33 | |
| هیچ سنورێکی یاسایی نیە | | 0.00 | |
| **1* 15%=0 .15** | | | **%١٥,٠** |
| ٢- قەرزپێدان بەدەستەبەری (ضمانه) | %١٠ | | |
| ڕێگە پێدراو نیە | | 1.00 | 1.00 |
| ڕێگەپێدراوە بەمەرج و ڕێکاری توند و تا ڕێژەیەکی کەم | | 0.67 | |
| ڕێگەپێدراوە  بەسنوردارییەکی ساکار و تاڕێژەیەکی بەرز | | 0.33 | |
| هیچ سنورێکی یاسایی نیە | | 0.00 | |
| **1* 10%=0 .10** | | | **%١٠,٠** |
| ٣- مەرجەکانی قەرزپێدان ( شایستەیی، نرخی سوو، بڕ) | %١٠ | 0.20 | |
| لەدەسەڵاتی بانکدایە | | 1.00 | 1.00 |
| لە یاسای بانکدا دیاری کراوە | | 0.67 | |
| لەنێوان حکومەت و بانکدا ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت | | 0.33 | |
| لە لایەن حکومەتەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت | | 0.00 | |
| **1* 10% = 10%** | | | **%١٠,٠** |
| ٤-ئەوانەی ئەگەری قەرز  وەرگرتنیان لە بانك هەیە ( المقروضون المحتملون من المصرف) | %٥ | | |
| تەنها حکومەتی ناوەندی | | 1.00 | 1.00 |
| هەمو ئاستەکانی حکومەت | | 0.67 | |
| هەمو ئاستەکانی حکومەت و پرۆژەو دامەزراوە گشتیەکان | | 0.33 | |
| کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت | | 0.00 | |
| **1* 5%= %5** | | | **%٥,٠** |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٥- سنوری قەرز پێدانی بانك دیاریكراوە لەسەر بنەمای | %٢,٥ | | |
| بڕی پارە ( Currency amounts) | | 1.00 | 1.00 |
| وەك ڕێژەیەك لە پابەندیەكانی بانك یان سەرمایەكانی | | 0.67 | |
| وەك ڕێژەیەك لە داهاتەكانی حكومەت | | 0.33 | |
| وەك ڕێژەیەك لە خەرجیەكانی حكومەت | | 0.00 | |
| **1* 2.5%= %2.5** | | | **%٢,٥** |
| ٦- ماوەی پێگەیشتنی قەرزەكان ( Maturity of loans ) | %٢,٥ | | |
| شەش مانگ | | 1.00 | 1.00 |
| یەك ساڵ | | 0.67 | |
| زیاتر لە یەك ساڵ | | 0.33 | |
| دیاری نەكراو لە یاسادا | | 0.00 | |
| **1* 2.5%= %2.5** | | | **%٢,٥** |
| ٧- نرخی سوو لەسەر قەرزەكان پێویستە كە : | %٢,٥ | | |
| زیاتر بێت لە نزمترین ئاست | | 1.00 | |
| بە نرخی سووی بازاڕ | | 0.75 | 0.75 |
| كەمتر بێت لە نزمترین ئاست | | 0.50 | |
| نرخی سوو باسی ئاماژەی بۆ نەكرابێت | | 0.25 | |
| نرخی سوو لەسەر ئەو قەرزانە نیە كە حكومەت لە بانكی ناوەندییان وەردەگرێ | | 0.00 | |
| **0.75* 2.5%= %1.875** | | | **%١,٨٧٥** |
| ٨- ئایا كڕین و فرۆشتنی كاغەزە داراییەكانی حكومەت لەبازاڕی یەكەمدا (السوق الاولي) لەسەر بانكی ناوەندی قەدەغە كراوە؟ | %٢,٥ | | |
| بەڵێ | | 1.00 | 1.00 |
| نەخێر | | 0.00 | |
| 1* 2.5%= %2.5 | | | **%٢,٥** |
| **15%+ 10% + 10% + 5% +2.5% 2.5% + 1.9% + 2.5% = 49.4%** | | | **%٤٩,٤** |

سەرچاوە: ئامادەكردن توێژەر بە پشت بەستن بە (CWN) و یاسای بانكی ناوەندی عراق ژمارە ٥٦ی ساڵی ٢٠٠٤.

بەپێی دەرەنجامی پێوانەی هەر چوار تەوەرەکە کە لەخشتەکانی(٢،٣،٤،٥) دەرکەوتوە، سەربەخۆیی بانکی ناوەندیی عیراق بەپێی پێوەری یاسایی، بریتیە لە ٧٨,٤%، ئەمەیش بەپشت بەستن بە پێوەری (CWN) و یاسای بانکی ناوەندی عیراقی، بەم شێوەیەی خوارەی:

سەربەخۆیی لە دانان و لادانی پارێزگار ١٥%

سەربەخۆیی لە داڕشتنی سیاستە نەختینەییەکان ٨%

سەربەخۆیی لە ئامانجەکان ٦%

سەربەخۆیی لەسنوری قەرزپێدان و کڕینەوەی کاغەزەداراییەکان ٤٩,٤%

**١٥% + ٨% + ٦%  ٤٩,٤% = ٧٨,٤.%**

ئەم پلەیەیش ئەتوانرێت بە بەرزترین پلە لەسەر ئاستی دەوڵەتانی عەرەبی و بەیەکێك لە بەرزترینەکان لەسەر ئاستی دەوڵەتانی جیهان دابنرێت بەپێی پێوەری یاسایی (CWN) (الدهميش،٢٠١٥،٢٤٥).

**باسی دووەم/ سەربەخۆیی کردەیی بانکی ناوەندیی عیراق**

ئەو ئەنجامانەی کە بەپێوەری یاسایی دیاریکراون مەرج نیە بەتەواوی ڕەنگدانەوەی واقیعی کردەیی بن بۆ ئاستی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی عیراق، بۆ ڕونکردنەوەی ئەوەیش، لەخوارەوە شیکردنەوە بۆ ئەو تەوەرە سەرەکیانە دەکەین کە دەشی لەڕوی کردەییەوە جیاوازی بەرچاویان هەبێت لەگەڵ لایەنە یاساییەکە:

**١- دانان و لادانی پارێزگاری بانك:** هەرچەندە بەپێی یاسای بانکی ناوەندی عیراق ئەو کارە لەدەسەڵاتی یاسادانانە، بەڵام بەکردەوە لە ساڵی (٢٠٠٥) هوە تاکو (٢٠٢٠) هیچ پارێزگارێکی بانکی ناوەندی لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دانەنراوە. (سینان الشبيبي) کە  لەساڵی ٢٠٠٣ -٢٠١٢ پارێزگار بوو لەلایەن سەرۆك وەزیرانی عیراقەوە لەساڵانی ٢٠١٢ لادرا، لادان و دانانی ئەوانی تریش بە وەکالەت بووەوە وهەر لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە بوە(آل طعمة، ٢٠١٤، ١٣٨). لەبەر ئەوە لەڕوی کردەنیەوە لەم خاڵەدا بانکی ناوەندی عیراق بەسەربەخۆ دانانرێت بەپێچەوانەی ئەو پلەیەی کە لەڕوی یاساییەوە بەدەستهێنابوو.

**٢- خێرایی گۆڕینی پارێزگار**، بەپێی پێوەری (CWN) بۆ سەربەخۆیی کردەیی ژمارەی جارەکانی گۆڕانی پارێزگار دابەش دەکرێت بەسەر ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا، ئەگەر ئەنجامەکەی لە(٠) سفرەوە نزيك بو ئەوە ئاستی سەربەخۆیی بەرزە بەڵام ئەگەر(١) لەیەکەوە نزيك بو ئەوە ئاستەکەی نزمە. لەماوەی لێکۆڵینەوەکەماندا(٢٠٠٥-٢٠٢٠) کە (١٥) ساڵە تەنها (٤) جار پارێزگار گۆڕاوە بەم پێیەش خێرایی گۆڕینی پارێزگار کەمترە لە (0.3) ئەوەیش ئاماژەیە بۆ بەرزی ئاستی سەربەخۆیی، بەڵام لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی جیبەجێکردن بەکردەیی پیادەی دەسەڵاتی لادان و دانانی بەوەکالەت کردوە، بۆیە ئەم خاڵەیش بەهایەکی ئەوتۆی نیە. هەرچەندە یاسای بانکی ناوەندی بەڕونی دەسەڵاتی دیاریکردن و لادان و ماوەی کارکردنی پارێزگاری دیاریکردوە کە پێویستیی بە پەسەندکردنی

دەسەڵاتی یاسادانان هەیە، وە مادەی ١٠٣ دەستور بانکی ناوەندی بە دەستەیەکی سەربەخۆ لەڕوی کارگێری و داراییەوە ناساندوە، کە تەنها لەبەردەم دەسەڵاتی یاسادانان بەرپرسیارە، بەڵام مادەی ١١٠ ی دەستور دارشتنی سیاسەتی نەختینەیی و دەرکردنی دراو و دامەزراندن و بەڕێوەبردنی لە چوارچێوەی تایبەتمەندیەکانی دەسەڵاتی ئیتیحادی داناوە، بۆیە لەلای هەندێك کەسەوە ئەو دووخاڵە بەناکۆك دادەنرێن، پێیان وایە کە ئەوە دەرفەتێکە بۆ دەستێوەردانی حکومەتی عیراق لە کارو باری بانکی ناوەندی، بەتایبەتیش پاش ئەوەی دادگای فیدراڵیی عیراق بەبڕیاری ژمارە (١٨) لە کانونی یەکەمی ٢٠١١ دەستە سەربەخۆکانی بەستەوە بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە نەك بە ئەنجومەنی یاسادانان، ئەو بڕیارەیش لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئەوکات بو کە داوای دیاری کردنی ئەو لایەنەی کردبو کە دەبێ ئەو دەستانە پێوەی ببەسترێنەوە، ئەمەیش ڕێگە خۆشکەربو بۆ دەستێوەردانی حکومەت لە کاروباری بانکی ناوەندی (آل طعمة،٢٠١٤، ١٣٨).

**٣- سیاسەتی نەختینەیی/** لەماوەی توێژینەوەکەداهەوڵی بەردەوام هەبوە بۆ دەستێوەردان لەسیاسەتی نەختینەیی، لە خستنەڕوی دراو، نرخی ئاڵوێر...هتد، لە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠١٥ دا بەکردەیی دەسەڵاتی یاسادانان دەستێوەردانی ئاشکرای کرد ومیچی فرۆشتنی دۆلاری بۆ بانکی ناوەندی دیاریکرد، بەوەی کە نابێت ڕۆژانە زیاتر لە (٧٥) ملیۆن دۆلار زیاتر لە پەنجەرەی فرۆشتنی دراو بفرۆشێت، هەرچەندە ئەوە لەلایەن دادگای فیدراڵیەوە ڕەتکراوەیەوە، بەڵام ئەم دەستێوەردانە و، ئەو بانگەشەو گوشارانەی کە لەلایەن سیاسیەکان و قەوارەکانی ناو پەرلەمانی عیراق بەبەردەوامی لەئارادایە بۆ گۆڕینی نرخی ئاڵویری دراوی بیانی، بەو واتایە دێن کە پلەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی لە تەوەری سیاسەتی نەختینەیی سەربەخۆیی کەمترە لەوەی کە بەپێی پیوەری یاسایی بەدەستی هێناوە.

**٤- سنوری قەرزدان بەحکومەت و کڕینەوەی کاغەزە داراییەکانی حکومەت:** لەم تەوەرەیەدا لەڕوی کردەییەوە بەدوو ڕێگا هەوڵی کەمکردنەوەی سەربەخۆیی بانکی ناوەندی لە ئارادابوە، یەکەمیان هەوڵی ڕاستەوخۆیە بۆ بەکارهێنانی یەدەگی نەختی عیراق بۆ پارەدارکردنی بودجەی گشتی حکومەت، دیارترین هەوڵیش ئەوەی (نوری مالیکی) سەرۆك وەزیرانی پێشوتر بوو کە لەساڵی ٢٠٠٩ گوشاری لە پارێزگاری ئەو کات (سینان الشبیبي) کرد بۆ پێدانی(٤) ملیار دۆلار لە یەدەگی نەختی بیانی بۆ پارەدارکردنی بودجەکەی، بەڵام پارێزگار نەچوە ژێر باری ئەو داوایەو، سەرئەنجام پرسەکە بەگێچەڵ پێکردن و ڕاپێچکردنی پارێزگار بۆ لێکۆڵینەوە و لادانی پارێزگار و دانانی یەکێکی تر بە وەکالەت کۆتایی هات، هەروەها لەیاساکانی بودجەی ساڵانەیشدا بەدەق ئاماژە بەوە دەکرێت کە بەشێك لە کورتهێنان لەڕێگەی داشکاندنەوەی حەواڵەکانی گەنجینەی حکومەتەوە لەلای بانکی ناوەندی پڕ بکرێنەوە. ڕێگاکەی تر کە ناڕاستەوخۆیەو بریتیە لەو هەژمونەی کە دارایی گشتی بەسەر سیاسەتی نەختیدا هەیەتی و ساڵانە زۆرینەی قەرزە ناوخۆییەکانی عێراق لەلایەن بانکی ناوەندیەوە دادەشکێنرێنەوە و کورتهێنانەکانیان پێ پارەدار دەکرێت، ئەمەیش ئاماژەیەکی ترە بۆ ئەوەی کە سەربەخۆیی کردەیی بانکی ناوەندی لەم تەوەرەیەدا لاوازە و نەگونجاوە لەگەڵ ئەو پلەبەرزەی کە لە کە پشت بەستن بەدەی یاساکە بەدەستهێنابوو.

# بەشی سێیەم

# هەژمونی دارایی گشتی لە عێراق

## باسی یەکەم/ پەیکەری بودجەی گشتی و دۆخی دارایی گشتی لەعێراق

پێکهاتەی بودجەی گشتی لە عێراق دوو خەسڵەتی سەرەکی لەخۆ دەگرێت کە سەرچاوەی هەژمونی دارایی گشتین لەسەر سیاسەتی نەختینەیی، یەکەمیان بریتیە لە گەورەیی قەبارەی خەرجیەکان لەبودجەی خەملێنراو و کورتهێنانی گەورە، دووەمیش بریتیە لە بەرزی ڕێژەی بەشداریی داهاتە نەوتیەکان لە کۆی گشتی داهاتەکانی بودجەی حکومەت.

لە خشتەی (٦) دوو ڕاستی گرنگمان بۆ دەردەخات، یەکەمیان ئەوەیە کە بودجەی گشتی عیراق لە ماوەی ٢٠٠٥-٢٠٢٠ بەردەوام بە کورتهێنانێکی زۆرەوە خەملێنراوە و لەڕێگەی قەرزەوە کورتهێنانەکان پڕکراونەتەوە، ناوەندی ڕێژەی کورتهێنانی خەملێنراوی ساڵانە زیاتر لە (١٨%)** بودجەکەی پێك هێناوە. بەڵام بودجەی جێبەجێکراو لەزۆربەی ساڵەکاندا ئەنجامەکەی بەزیادە دەرچوە، ئەوەیش لەبەر ئەوەیە کە بڕی قەرزە ناوخۆییەکان کە بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان دەکرین دەچنە سەر قەبارەی داهاتەکان و ئاستی داهاتەکان بەرزدەبێتەوە بۆ ئاستی هاوسەنگی، لەبەرامبەریشدا بەهۆکاری سیاسی و کارگێڕی بەشێکی خەرجیەکان جێبەجێ ناکرێن،هەروەك ئەوەی کە داتاکانی وەزارەتی دارایی عیراق دەری دەخەن هەمیشە ڕێژەی خەرجیە جێبەجێکراوەکان لەدەوروبەری ٧٠-٧٥%ی خەرجیە خەملێنراوەکاندایە، لەپاڵ ئەو هۆکارانەی سەرەوە بەرزبونەوەی نرخی نەوتیش بەبەراورد بە نرخی خەملێنراوی ناو یاسای بودجەی گشتی لەهەندێ ساڵدا ڕۆڵی هەبوە لەو زیادەیەی لەبودجەی جێبەجێکراو وەدی هاتوە.

ڕاستی دووەم بریتیە لە گەورەیی بەشداریی داهاتە نەوتیەکان لە کۆی داهاتەکانی بودجەی عیراق کە بەپێی خشتەی سەرەوە لە ماوەی ساڵانی توێژینەوەکەدا (٩١%) ی داهاتە گشتیەکان پێك دەهێنن.

بێگومان ئەو دوو ڕاستیەی سەرەوەیش هۆکار و نیشانە سەرەکیەکانی هەژمونی دارایی گشتین لەسەر بانکی ناوەندی و سیاسەتی نەختینەیی، لەپاڵ ئەو هۆکارانەدا نەبونی هەئاهەنگیی پێویست لەنێوان سیاسەتی دارایی و سیاسەتی نەختینەیی، وە لاسەنگیە بونیادیەکانی ئابوریی عێراق هاوکارن بۆئەوەی کە هەژمونی دارایی گشتی لەسەر سیاسەتە نەختینەییەکان بەگەورەیی بەدەربکەوی (الشمري،٢٠١٧، ٥٢-٥٣).

---

** ناوەندی ڕێژەی ساڵانەی کورتهێنانی خەملێنراو (١٨%) و ناوەندی ڕێژەی ساڵانەی داهاتە نەوتیەکان لەکۆی داهاتەکان (٩١%)، لەلایەن توێژەرەوە بە پشت بەستن بەخشتە (٦)، هەژمارکراون.

خشتەی (٦) پەیکەی بودجەی گشتیی عیراق لە ماوە ساڵانی ٢٠٠٥- ٢٠٢٠ (ترلیۆن دینار)

| ساڵ | خەملێنراو | | | | | جێبەجێکراو(فیعلي) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | داهات | | | | | داهات | | | | |
| | نەوتی | نا نەوتی | کۆی داهات | کۆی خەرجی | کورتهێنان یان زیادە | نەوتی | نانەوتی | کۆی داهات | کۆی خەرجی | کورتهێنان یان زیادە |
| 2005 | 27.9 | 1.1 | 29.0 | 35.9 | -6.9 | 39.5 | 1.0 | 40.5 | 26.4 | 14.1 |
| 2006 | 42.3 | 3.1 | 45.4 | 51.0 | -5.6 | 46.9 | 2.1 | 49.0 | 38.8 | 10.2 |
| 2007 | 41.1 | 1.0 | 42.1 | 51.7 | -9.6 | 53.2 | 1.4 | 54.6 | 39.0 | 15.6 |
| 2008 | 45.2 | 5.6 | 50.8 | 59.9 | -9.1 | 79.1 | 1.1 | 80.2 | 59.4 | 20.8 |
| 2009 | 47.5 | 2.9 | 50.4 | 69.2 | -18.8 | 51.7 | 3.5 | 55.2 | 52.6 | 2.6 |
| 2010 | 59.8 | 1.9 | 61.7 | 84.7 | -23.0 | 66.8 | 2.7 | 69.5 | 64.3 | 5.2 |
| 2011 | 74.9 | 6.1 | 81.0 | 96.7 | -15.7 | 98.0 | 2.0 | 100.0 | 69.6 | 30.4 |
| 2012 | 94.4 | 7.9 | 102.3 | 117.1 | -14.8 | 116.6 | 2.9 | 119.5 | 90.3 | 29.2 |
| 2013 | 111.1 | 8.2 | 119.3 | 138.4 | -19.1 | 110.7 | 3.0 | 113.7 | 106.9 | 6.8 |
| 2014* | 111.1 | 8.2 | 119.3 | 138.4 | -19.1 | 97.0 | 8.4 | 105.4 | 83.6 | 21.8 |
| 2015 | 78.6 | 15.4 | 94.0 | 125.2 | -31.2 | 51.3 | 15.2 | 66.5 | 70.4 | -3.9 |
| 2016 | 69.8 | 11.9 | 81.7 | 105.9 | -24.2 | 44.3 | 10.1 | 54.4 | 67.0 | -12.6 |
| 2017 | 79.0 | 10.2 | 89.2 | 100.7 | -11.5 | 65.1 | 12.2 | 77.3 | 75.5 | 1.8 |
| 2018 | 77.1 | 14.5 | 91.6 | 104.2 | -12.6 | 95.6 | 11.0 | 106.6 | 80.9 | 25.7 |
| 2019 | 93.7 | 11.8 | 105.5 | 133.1 | -27.6 | 99.2 | 8.4 | 107.6 | 111.7 | -4.1 |
| 2020 | 93.7 | 11.8 | 105.5 | 133.1 | -27.6 | 54.4 | 8.4 | 63.2 | 76.0 | -12.8 |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر بەپشت بەستن بە: ١- جمهورية العراق، وزارة المالية، قوانين الموازنة العامة الاتحادية للسنوات ٢٠٠٥-٢٠٢٠:
http://www.mof.gov.iq/pages/ar/FederalBudgetLaw.aspx
٢- البنك المركزي العراقي، الموقع الاحصائي، الموازنة العامة: https://cbiraq.org/SubCategoriesTable.aspx?SubCatID=100

* لە ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠٢٠ یاسای بودجەی گشتی لەعێراق پەسەند نەکرا، بۆیە ژمارە خەملێنراوەکانی یاساکانی بودجەی ساڵانی پێشتر بۆیان دانراوەتەوە.

## باسی دووەم/ میكانیزمەكانی كاركردنی هەژمونی دارایی گشتی لەسەر بانكی ناوەندی عیراق لە ٢٠٠٥-٢٠٢٠

وەك لەسەرەوە تیشكمان خستە سەر، حكومەتی عیراق بە دووڕێگەی سەرەكی بودجەكەی پارەدار دەكات ئەوانیش داهاتە نەوتیەكان و قەرزی ناوخۆیین. هەریەك لەوانەیش لەپەیوەندی و كارلێكی توندوتۆڵدان لەگەڵ جوڵەی گۆڕاوەكانی بناغەی نەختینە كە گوزارشتە لە پوختەی بودجەی بانكی ناوەندی. قەرزەكان بەشی زۆریان لەلایەن بانكی ناوەندیەوە لەشێوەی حەواڵەی داشكێنراو دەكڕدرێنەوە، داهاتە نەوتیەكانیش كە بەدۆلارن هەر لەرێگەی بانكی ناوەندیەوە دەگۆڕدرێنەوە بە دراوی نیشتیمانی. سەرەنجام دارایی گشتی لە عێراق لەڕێگەی هەژمونی قەرزە ناوخۆییەكان و داهاتە نەوتیەكانەوە هەژمونكاریی خۆی بەسەر سیاسەتە نەختینەییەكاندا پیادەدەكات.

### یەكەم/ هەژمونی قەرزە ناوخۆییەكان:

لە خشتەی (٧) بەسەرنجدان لەهەردوو ستونی (٦و٧) ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت كە بەشی هەرە زۆری قەرزە ناوخۆییەكانی حكومەت لەلایەن بانكی ناوەندیەوە پارەدار كراون، بە ئەندازەیەك كە ناوەندی ڕێژەی ساڵانەكەی دەگاتە(٧٢%)*، ئەوەیش لەڕێگەی داشكاندنەوەی حەواڵەكانی گەنجینەی حكومەت لەلایەن بانكی ناوەندیەوە (كە بەپێی یاسا ڕێگە پێدراوە). ئەم ڕۆڵەی بانكی ناوەندی لە كڕینەوەی قەرزەكانی حكومەت بەشی گەورەی هۆكارەكەی بۆ لاوازیی بازاڕی دارایی عیراق و بەدەمەوە نەهاتنی وەبەرهێنەرانی كاغەزە داراییەكانە بۆ كڕینەوەی ئامرازەكانی قەرزی حكومەت دەگەڕێتەوە، لەم كاتەیشدا بانكی ناوەندی وەك دواپەناگەی قەرزپێدان بەم كارە هەڵدەستێت ئەگەرنا وەك ڕێكارێكی ئاسایی سیاسەتەی نەختینەیی و بۆ جوڵەپێكردنی قەبارەی خستنەڕوی دراو و سەقامگیریی نرخەكان ئەم كارە ئەنجام نادات (علی،٢٠١٢،٨٤).

كاریگەری قەرزە ناوخۆییەكان بەگشتی و كڕینەوەی حەواڵەكان لەلایەن بانكی ناوەندیەوە بەتایبەتی لەوەدا دەردەكەوێت، كە دەبنە هۆی گۆڕانی قەبارە و سەنگی پوختەی هەبوە ناوخۆییەكان لە بناغەی نەختینەیی، كە پێكهاتون لە (ماف و شایستەی بانكی ناوەندی لەسەر حكومەت و بانكەكان و كەرتی تایبەتی ناوخویی - ماف و شایستەی حكومەت و بانكەكان و كەرتی تایبەتی ناوخۆیی لەسەر بانكی ناوەندی)** . بەپێی داتا داراییەكانی (البيانات المالية) بانكی ناوەندی عێراق، لەناو ماف و شایستەكانی بانكی ناوەندیدا كە ئەرێنین (موجب) تەنها قەرزەكانی بانكی ناوەندی لەسەر حكومەت قەبارەیان گەورەیەو سەنگ و قورساییان هەیە، بەپێچەوانەوە ماف و شایستەی ئەوانی تر بەتایبەتیش سپاردە جۆراو جۆرەكانی بانكەكان و حكومەت و دامەزراوەكان

* ئەم ڕێژەیە لەلایەن توێژەرەوە دەرهێنراوە، بەپشت بەستن بە ژمارەكانی هەردوو ستونی (٦و٧) لەخشتەی (٧).

** پوختەی هەبوە ناوخۆییەكان = ماف و شایستەی بانكی ناوەندی لەسەر حكومەت و كەرتی تایبەتی ناوخۆیی - ماف و شایستەی حكومەت و بانكەكان و كەرتی تایبەت لەسەر بانكی ناوەندی (https://cbi.iq/page/76).

خشتەی (٧)بناغەی نەختینەی بودجەی بانکی ناوەندی، قەرزە ناوخۆییەکان، کڕین و فرۆشتنی دۆلار لە ٢٠٠٥-٢٠٢٠ (ترلیۆن دینار)

| ساڵ | بناغەی نەختینە – هەبوەکان – پوختەی هەبوە بیانیەکان | بناغەی نەختینە – هەبوەکان – پوختەی هەبوە ناوخۆییەکان | بناغەی نەختینە – بناغەی نەختینە 3 = 1+2 = 4+5 | بناغەی نەختینە – پابەندیەکان – دراوی دەرچوو (العملة المصدرة) | بناغەی نەختینە – پابەندیەکان – یەدەگی بانکەکان | قەرزی ناوخۆیی کەڵەکە بو لەسەر حکومەت | بری حواڵەی دارشکێنراو لەلایەن بانکی ناوەندیەوە | دۆلاری کڕدراو لەلایەن بانکی ناوەندی | فرۆشتنی دۆلار لەلایەن بانکی ناوەندیەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | 1 | 2 | | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 |
| 2005 | 17.2 | -3.6 | 13.6 | 9.1 | 4.5 | 6.6 | 5.0 | 14.9 | 10.5 |
| 2006 | 25.6 | -8.2 | 17.4 | 11.0 | 6.4 | 5.6 | 5.4 | 18.0 | 11.2 |
| 2007 | 38.4 | -9.4 | 29.0 | 14.2 | 14.7 | 5.2 | 4.7 | 26.7 | 16.0 |
| 2008 | 59.0 | -16.0 | 43.0 | 18.5 | 24.5 | 4.5 | 4.0 | 45.5 | 25.8 |
| 2009 | 50.1 | -4.5 | 45.6 | 21.8 | 23.9 | 8.1 | 4.0 | 23.0 | 34.0 |
| 2010 | 57.2 | -3.4 | 53.8 | 24.3 | 29.5 | 9.2 | 5.2 | 41.0 | 36.2 |
| 2011 | 69.9 | -10.6 | 59.3 | 28.3 | 31.0 | 7.6 | 3.6 | 51.0 | 39.8 |
| 2012 | 81.4 | -16.5 | 64.9 | 30.6 | 34.3 | 6.6 | 6.0 | 57.0 | 48.6 |
| 2013 | 91.7 | -15.3 | 76.4 | 35.0 | 41.4 | 4.3 | 4.5 | 62.0 | 55.7 |
| 2014 | 78.6 | -9.2 | 69.4 | 36.1 | 33.3 | 9.6 | 7.0 | 47.5 | 54.5 |
| 2015 | 63.7 | -5.6 | 58.1 | 34.9 | 23.3 | 32.1 | 16.2 | 32.5 | 44.3 |
| 2016 | 53.5 | 10.0 | 63.5 | 42.1 | 21.4 | 47.4 | 19.3 | 25.6 | 33.5 |
| 2017 | 57.9 | 3.2 | 61.1 | 40.3 | 20.8 | 47.5 | 32.8 | 40.4 | 42.2 |
| 2018 | 76.4 | -9.2 | 67.2 | 40.5 | 26.7 | 41.9 | 30.3 | 52.3 | 47.1 |
| 2019 | 80.3 | -2.1 | 78.2 | 47.6 | 30.6 | 38.3 | 27.7 | 58.9 | 51.1 |
| 2020 | 78.8 | 10.0 | 88.8 | 60.0 | 28.8 | 64.3 | 47.6 | 30.7 | 44.0 |

**سەرچاوە:** ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە:١-البنك المركزي للعراق، المؤشرات المالية الاساسية، للسنوات٢٠٠٥-٢٠٢٠: https://cbi.iq/news/view/94

٢- البنك المركزي للعراق، النشرة الاحصائية السنوية للسنوات ٢٠٠٥-٢٠٢١: https://cbi.iq/news/view/492

لەسەر بانکی ناوەندی کە نیشانەیان نەرێنی (سالب) قەبارەیان گەورەیە (https://cbi.iq/page/76) . هەربۆیەش نیشانەی پوختەی هەبوە ناوخۆییەکان لەزۆربەی ساڵەکاندا نەرێنیە، ئەمەیش لە ستونی (٢) لە خشتەی سەرەوەدا بەڕونی دیارە، بێگومان بەبێ هەبونی ئەو قەبارە گەورەیەی قەرزەکانی بانکی ناوەندی لەسەر حکومەت قەبارەی پوختەی هەبوە ناوخۆییەکان بە نەرێنی گەورەتر دەبوون . هەروەك لەخشتەکەیشدا دیارە گۆڕانی ئەرێنی پوختەی هەبوە ناوخۆییەکان و زیاد بونی قەبارەی دراوی دەرچو لە خانەی پابەندیەکان لەزۆربەی ساڵەکاندا هاوکاتە لەگەڵ زیادبونی قەبارەی قەرزە ناوخۆییەکان وحەواڵە داشکێنراوەکان، وە بەپێچەوانەیشەوە. بۆ نمونە* زیادبونی بڕی قەرزە ناوخۆییەکان لە (٤,٣) ترلیۆن دینارەوە لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ (٩,٦) لەساڵی ٢٠١٤ و بۆ (٣٢,١) لە ٢٠١٥ و بۆ (٤٧,٤) لە ٢٠١٦، هاوکاتە لەگەڵ گۆڕانی ئەرێنی لە پوختەی هەبوە ناوخۆییەکان، لە (-١٥,٣) ترلیۆن دینارەوە لە ٢٠١٣ وە بۆ (-٩,٢) لە ٢٠١٤ و بۆ (-٥,٦) لە ٢٠١٥ و (١٠) لە ٢٠١٦، لەنێوان ساڵی ٢٠١٩-٢٠٢٠یش هەمان سیناریۆ دووبارەبویەوە کە زیادبونی قەرزە ناوخۆییەکان لە(٣٨,٣)هوە بۆ (٦٤,٣) هاوکات بوە لەگەڵ زیادبونی پوختەی هەبوە ناوخۆییەکان لە (-٢,١) هوە بۆ (١٠) ترلیۆن دینار. ئەمەیش سەلمێنەری ئەوەیە کە گۆڕانی قەبارەی قەرزە ناوخۆییەکانی حکومەت کارتێکەری بەهێزە بۆ گۆڕانی قەبارەی پوختەی هەبوە ناوخۆییەکان لە بناغەی نەختینە هەروەك لەبەشی یەکەمدا بەتێۆری ڕونمان کردەوە.

کڕینەوەی قەرزەکانی حکومەت بەتایبەتیش لەڕێگەی داشکاندنەوەی حەواڵەکانەوە کاریگەری ئەوتۆیشی لەسەر لایەنی پابەندیەکان هەیە، سەرەتا دەبێتە هۆی زیاد بونی یەدەگی بانکەکان لەلای بانکی ناوەندی، پاشتریش کاتێك کە بانکەکان باڵانسە نوێیەکەیان بەکار دەهێنن ئیدی یەدەگەکەیان دادەبەزێت و لەبەرامبەردا بڕی دراوی دەرچو(العملة المصدرة) زیاد دەکات، هەربۆیە مەرج نیە گۆڕانی بڕی دراوی دەرچو هاوکات و هاوئاراستە بێت لە گەڵ گۆڕانی بڕی قەرزە ناوخۆییەکان، بەڵام دڵنیاییەوە گەورەبونی قەرزە ناوخۆییەکان لە دەرەنجامدا کاریگەریی ئەرێنیان هەیە لەسەر زیادبونی بڕی دراوی دەرچو، وە بەپێچەوانەیشەوە ڕاستە (علي،١٩،٢٠١٢-٢٠).

هەر بەمەستی زیاتر دڵنیابون لەو شیکاریەی لەسەرەوە خستمانە ڕو، وە بۆ دیاریکردنی خەسڵەتی پەیوەندیی نێوان قەرزە ناوخۆییەکان لەگەڵ هەریەك لە هەبوە ناوخۆییەکان و دراوی دەرچو، پێوانەی هاوکۆلکەی پەیوەستی( معامل الارتباط)ی نێوان ئەو گۆڕاوانەمان ئەنجامدا لەماوەی توێژینەوەکە، ئەنجامەکانی پەیوەستی بەو جۆرە دەرچون کە لەخشتەی (٨) لەخوارەوە خراوەتە ڕوو.

* لە شیکاریی خشتەی (٦و٧) دا ساڵانی نێوان ٢٠١٣-٢٠١٦ و ٢٠١٩-٢٠٢٠ وەك نمونە بەکار هێنراون لەبەر ئەوەی لەو دو ماوەیەدا گۆڕانی گەورە بەسەر گۆڕاوە کاریگەرەکانی دارایی گشتیی و گۆڕاوە نەختینەییەکاندا هاتون، بەهۆی دابەزینی زۆری نرخی نەوت و لێکەوتەکانی پەتای کۆرۆنا، بەڵام بەگشتی سروشتی پەیوەندیی گۆڕاوەکان تاڕادەیەکی زۆر لەهەموساڵەکاندا وەك یەکە وەك لەخشتەکاندا دیارە، وە پاشتریش ئەوە لەڕێگەی دۆزینەوەی هاوکۆلکەی پەیوەستیی نێوان گۆڕاوەکانەوە دەردەخەین.

**خشتەی (٨) ئەنجامەکانی هاوکۆلکەی پەیوەستیی قەرزە ناوخۆییەکان لەگەڵ هەریەك لە هەبوە ناوخۆییەکان و دراوی دەرچو لە ٢٠٠٥-٢٠٢٠**

| گۆڕاوی نەختی / گۆڕاوی دارایی گشتی | پوختەی هەبوە ناوخۆییەکان | دراوی دەرچو (العملة الصدرة) |
| --- | --- | --- |
| قەرزە ناوخۆییەکان | ٠,٧٨٥ | ٠,٨٢٩ |

**سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (٦)و(٧) و بەبەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS V.26)**

خشتەی(٨) ئەوەمان نیشان ئەدات کە پەیوەندیەکی بەهێز و ئەرێنی (علاقة ارتباطية موجبة و قوية) هەیە لە نێوان قەرزە ناوخۆییەکان لەگەڵ هەریەك لە هەبوە ناوخۆییەکان و دەرچونی دراو، ئەوەیش پشتڕاستی شیکاریەکەمان دەکاتەوە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە قەرزە ناوخۆییەکان دیاریکەری گرنگ و سەرەکین بۆ هەریەك لەو دوو گۆڕاوە نەختینەیە.

**دووەم/ هەژمونی داهاتە نەوتیەکان:**

داهاتە نەوتیەکان کە بە دۆلارن (91%)ی ناوەندی ساڵانەی کۆی داهاتە گشتیەکانی حکومەتی عیراقیان پێك هێناوە لەماوەی توێژینەوەکەدا، بەڵام لەبەر ئەوەی کە زۆرینەی خەرجیەکانی حکومەتی عیراق بە دینارن بۆیە حکومەت دۆلارەکانی لەلای بانکی ناوەندی گۆڕیوەتەوە بەدینار بەمەبستی خەرجکردنیان، ئەوەیش دەبێتە هۆی بەرزبونەوەی خواستی بازاڕ و کەرتی تایبەت لەسەر دۆلار بەتایبەتیش بۆ مەبەستی هاوردەکردن کە عیراق زۆرینەی کەلوپەو پێویستیەکانی لەدەرەوە هاوردە دەکات، لەکاتێکیشدا کە بازاڕی عیراق و کەرتی تایبەت تواناى پڕکردنەوەی ئەو ڕادە بەرزەی خواستی دۆلاری نیە، بۆیە بانکی ناوەندی لە پێناوی ڕاگرتنی سەقامگیریی نرخەکان ناچاربوە بەردەوام و بەبڕی پێویست و لەرێگەر پەنجەرەی فرۆشتنەوەی دراوی بیانیەوە دۆلار بخاتە بازاڕەوە. بەم جۆرە کڕین و فرۆشتنەوەی دۆلار لەلایەن بانکی ناوەندیەوە پرۆسەیەکی بەردەوام بوە، ئەوەیش کاریگەری گەورەی لەسەر گۆڕاوە نەختینەییەکان هەبوە.

لەبەر ئەوەی تاکە سەرچاوەی گرنگ و بەردەوامی هێنانە ناوەوەی دراوی بیانی لەعیراق بریتیە لە داهاتە نەوتیەکان، بۆیە بڕی دۆلاری کڕدارو لەلایەن بانکی ناوەندیەوە وابەستەیە بە زیاد بون و کەمبونی داهاتە نەوتیەکانەوە، ئەوەیش لە خشتەی (٦) و(٧) دا بەڕونی دیارە، هەر بۆنمونە وەك لە خشتەی (٦) دیارە، کاتێك کە داهاتە نەوتیە جێبەجکراوەکان کەمیان کرد لە (١١٠,٧) ترلیۆن دینارەوە لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ (٩٧,٥) لە ٢٠١٤ و بۆ (٥١,٣) لە ٢٠١٥ و بۆ (٤٤,٣) لە ٢٠١٦ و، پاشتر لە (٩٩,٢) لە ٢٠١٩ کەمی کرد بۆ (٥٤,٤) لە ٢٠٢٠، هاوکات ئاستی کڕینی دۆلار لەلایەن بانکی ناوەندیەوە لە (٦٢)ترلیۆن دینارەوە لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ (٤٧,٥) لە ٢٠١٤ و (٣٢,٥) لە ٢٠١٥ و (٢٥,٦) لە ٢٠١٦، پاشتریش لە(٥٨,٩)هوە لە ٢٠١٩ کەمیکرد بۆ (٣٠,٧) لە ٢٠٢٠، وەك لەخشتەی (٧) دیارە.

لەبەر ئەوەی کە دابەزینی داهاتە نەوتیەکان بەواتای دابەزینی داهاتە گشتیەکانی حکومەت و

کورتهێنانی بودجە دێت، هەربۆیە لەماوەی هەمان ئەو ساڵانەی کە داهاتە نەوتیەکان کەمیان کردوە حکومەت پێویستی زیاتری بە قەرزی ناوخۆیی بوە بۆ پارەدارکردنی خەرجیەکانی، ئیدی لەو ساڵانەدا بڕی قەرزە ناوخۆییەکان بەرزبونەتەوە وەك پێشتر خستمانە ڕوو، خستنەڕوی دراوی ناوخۆیی لەڕێگەی ئەو قەرزە ناوخۆییانەوە و خەرجکردنی بوەتە هۆی دروستکردنی خواست لەسەر دۆلار کە بانکی ناوەندی بەفرۆشتنی دۆلار پڕی کردوەتەوە، بۆیە لەو ساڵانەدا کە داهاتە نەوتیەکان کەمیان کردوەوە بڕی فرۆشتنی دۆلار لەلایەن بانکی ناوەندیەوە زیاتر بوە لەبڕی کڕین، بڕی فرۆشتنی دۆلار لە ساڵی ٢٠١٤ (٥٤,٥) ترلیۆن دینار و لە ٢٠١٥ (٤٤,٣) و لە ٢٠١٦ (٣٣,٥) و لەساڵی ٢٠٢٠ یش (٤٤) ترلیۆن دینار بوە وەك لە خشتەی (٧) دیارە، ئەم بڕانەیش زیاتر بون لە بڕی کڕدراوەکان لە هەمان ماوەدا، ئەوەیش بوەتە هۆی کەمبونەوەی هەبوە بیانیەکان لە (٩١,٧) ترلیۆن دینارەوە لە ساڵی ٢٠١٣ بۆ (٧٨,٦) لە ٢٠١٤ و بۆ (٦٣,٧) لە ٢٠١٥ و (٥٣,٥) لە ٢٠١٦ و پاشتریش لە (٨٠,٣)وە لە ٢٠١٩ بۆ (٧٨,٨) لە ٢٠٢٠. بەپێچەوانەیشەوە ئەو ساڵانەی کە داهاتە نەوتیەکان زیادبون کڕینی دۆلاریش زیاتر بوە لە فرۆشتنی، ئەوەیش بوەتە هۆی زیادبونی قەبارەی هەبوە بیانیەکان، ئەوەیش بەسەرنجدان لەخشتەی (٦) و (٧) بەڕونی دەردەکەوێت.

لەخشتەی (٧) دەبینین دراوی دەرچو (العملة المصدرة) بەردەوام لەزیادبوندا بوە، چونکە بانکی ناوەندی هەم لەبەرامبەر کڕینەوەی دۆلار و هەمیش لەبەرامبەر داشکاندنەوەی حەواڵەکانی گەنجینە دینار دەداتە لایەنی فرۆشیار.

بەمەستی زیاتر دڵنیابون لەو شیکاریانەی لەسەرەوە خستمانە ڕوو، وە بۆ دیاریکردنی خەسڵەتی پەیوەندیی نێوان داهاتە نەوتیەکان لەگەڵ هەریەك لە هەبوە بیانیەکان و دراوی دەرچو، پێوانەی هاوکۆلکەی پەیوەستیی نێوان ئەو گۆڕاوانەمان ئەنجامدا لەماوەی توێژینەوەکە، ئەنجامەکان بەو جۆرە دەرچون کە لەخشتەی (٩) لەخوارەوە خراوەتە ڕوو.

**خشتەی (٩) هاوکۆلکەی پەیوەستیی داهاتە نەوتیەکان لەگەڵ هەریەك لە هەبوە بیانیەکان و دراوی دەرچو لە ٢٠٠٥-٢٠٢٠**

| گۆڕاوی نەختی / گۆڕاوی دارایی گشتی | پوختەی هەبوە بیانیەکان | دراوی دەرچو (العملە الصدرة) |
|---|---|---|
| داهاتە نەوتیەکان | ٠,٩١٤ | ٠,٧٦٤ |

**سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بەپشت بەستن بە خشتەی (٦) و(٧) و بەبەکارهێنانی پرۆگرامی (SPSS V.26)**

خشتەی(٩) ئەوەمان نیشان ئەدات کە پەیوەندیەکی زۆر بەهێز و ئەرێنی هەیە لە نێوان داهاتە نەوتیەکان و هەبوە بیانیەکان، هەروەها پەیوەندیەکی بەهیزو ئەرێنیش هەیە لەنێوانی داهاتە نەوتیەکان و دەرچونی دراو، ئەوەیش پشتڕاستی شیکاریەکەمان دەکاتەوە و ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە داهاتە نەوتیەکان دیاریکەری گرنگ و سەرەکین بۆ هەریەك لەو دوو گۆڕاوە نەختینەیە.

لەلایەکی ترەوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە لە عێراقدا ئامرازی سەرەکیی ڕاگرتنی نرخی ئاڵوێری دراوی بیانی بریتیە لە پرۆسەی کڕینەوەو فرۆشتنەوەی دۆلار لەلایەن بانکی ناوەندیەوە، ئەوەیش پشت بە قەبارەی داهاتە نەوتیەکان و پوختەی یەدەگی نەختینە دەبەستی، بۆیە هەژمونی دارایی نەوتی لەسەر بانکی ناوەندی ئەو کۆتەش دروست دەکات کە بانکی ناوەندی بەناچاری و بەپێی گۆڕانی قەبارەی داهاتە نەوتیەکان و یەدەگی نەختینەیی(کەئەویش پاشکۆی داهاتە نەوتیەکانە) ئیدارەی نرخی ئالوێری بیانی بکات، ئەمەیش هەم لەڕێگەی خستنەڕوی دۆلار لە پەنجەرەی فرۆشتنی دراوی بیانی هەمیش لەرێگەی گۆڕینی نرخی فەرمیی ئاڵوێری دینارەوە، وەك ئەوەی لە ٢٠٢٠ ڕویدا، کە بەهۆی دابەزینی نرخی نەوت و گەورەیی قەبارەی کورتهێنانی بودجەی حکومەت و دابەزینی ئاستی یەدەگەوە بانکی ناوەندی ناچار بو بەدابەزاندنی نرخی فەرمیی ئاڵوێری دیناری عیراقی لە بەرامبەر دۆلار.

پوختەی ئەوەی لەم بەشەدا خستمانە ڕوو ئەوەیە کە بانکی ناوەندی و سیاسەتی نەختینەیی لە عێراق بە دوو کۆتی(قید)بەهێز کۆت کراون ئەوانیش قەرزە ناوخۆییەکان و گەورەیی ڕێژەی داهاتە نەوتیەکانن لەکۆی داهاتەکانی عێراق، ئەمەیش وایکردوە کە بناغەی نەختینە، خستەنەڕوی دراو، یەدەگی نەختینەیی، نرخی ئاڵوێر، سیاسەتی نەختینەیی بەگشتی تاڕادەیەکی زۆر وەك پاشکۆی بودجەی حکومەت و سیاسەتی دارایی جوڵە بکەن. ئەمەیش بەو واتاییە کە بانکی ناوەندیی عیراق ئاستی سەربەخۆیی لاوازە و لە ژێر هەژمونی دارایی گشتیدایە.

چارەسەری ئەم کێشەیەش تەنها بە یاساو ڕێساکان و ڕێکارەکانی بانکی ناوەندی ناکرێت، بەڵکو چاەسەرەکە پەیوەستە بە چاکسازی لە پەیکەری ئابوری و کەمکردنەوەی کورتهێنان و قەرزەکان و فرەچەشنکردنی سەرچاوەکانی داهات و زیادکردنی بەشداری کەرتی تایبەت، و سازکردنی هەمئاهەنگیی پێویست لە نێوان سیاسەتی دارایی و سیاسەتی نەختینەییدا..

## دەرئەنجامەكان

١- بانكی ناوەندیی عێراق لەڕوی یاساییەوە، بەپێی پێوەری (CWN ) و بەگوێرە یاسای ژمارە ٥٦ی ساڵی ٢٠٠٤ پلەیەكی بەرزی سەربەخۆیی هەیە كە دەگاتە (٧٨,٤%) ئەوەیش لە بەرزترین پلەكانی سەربەخۆییە لەڕوی یاساییەوە لەسەر ئاستی بانكە ناوەندیەكانی جیهان.

٢- لەماوەی توێژینەوەكەدا دەسەڵاتەكانی یاسادانان و جێبەجێكردن بەپێچەوانەی یاسای بانكی ناوەندییەوە دەستێوەردانی جۆراو جۆریان كردوە لەكاروبارە تایبەتیەكانی بانكی ناوەندی، بەتایبەتیی كاری لادان و دانانی پارێزگارەكانی بانكی ناوەندی، هەوڵی پارەداركردنی بودجەی گشتی لەلایەن بانكی ناوەندیەوەو ئاماژەكردنی ڕاشكاوانەی یاساكانی بودجەی گشتی بە پارەداركردنی بەشی زۆری كورتهێنانەكان لەڕێگەی داشكاندنەوەی حەواڵەكانی گەنجینەی وەزارەتی داراییەوە لەلای بانكی ناوەندی، هەوڵی دیاریكردنی میچی ڕۆژانەی فرۆشتنی دراوی بیانی و هەوڵ و گوشاری ڕاستەوخۆ بۆ گۆڕینی نرخی ئاڵوێری دراوی ناوخۆیی بەرامبەر دۆلار...هتد، ئەوانەیش ئاماژەن بۆ ئەوەی كە یاساكە بەتەواوی لەبواری كردەییدا جێبەجێ نەكراوە و دەستێوەردان بەڕادەی زۆر بونی هەبوە، ئەوەیش مانای ئەوەیە كە پێگەی سەربەخۆیی بانكی ناوەندیی عێراق لەڕوی كردەییەوە لاواز و نەگونجاوە لەگەڵ ئەو پلە بەرزەی كە بەپێی پێوەری یاسایی بەدەستی هێناوە.

٣- بونی پەیوەندیی بەهێز وئەرێنی لەنێوان گۆڕاوەكانی دارایی گشتی وگۆڕاوە نەختینەییەكاندا، بەتایبەتیش لەنێوان داهاتە نەوتیەكان لەگەڵ پوختەی هەبوە بیانیەكان و دراوی دەرچو، هەروەها لە نێوان قەرزە ناوخۆییەكان لەگەڵ پوختەی هەبوە ناوخۆییەكان و دراوی دەرچو، پەیوەندیەكەیش بە جۆرێكە كە بناغەی نەختینە وگۆڕاوە نەختینەییەكان لەژێر كاریگەریی گۆڕانی گۆڕاوە داراییەكاندا جوڵەدەكەن،ئەمەش بەو واتایەیە كە سیاسەتی نەختینەیی لەعێراق لەژێر هەژمونی دارایی گشتیدایە.

٤- (٧٢%)ی قەرزە ناوخۆییەكان لەرێگەی حەواڵەی داشكێنراوی وەزارەتی دارایی لەلایەن بانكی ناوەندیەوە پارەدار كراون بە دراوی نیشتیمانی، ئەوەیش هەم بوەتە هۆی گۆڕانی قەبارەی هەبوە ناوخۆییەكان لە بناغەی نەختینە هەمیش بوەتە هۆی زیاد بونی دەرچونی دراوی ناوخۆیی و زیادبونی خواست لەسەر دۆلار.

٥- داهاتە نەوتیەكانی حكومەت كە(٩١%)ی ناوەندی ساڵانەی كۆی داهاتەكانیان پێك هێناوە بە دۆلارن، بەڵام زۆرینەی خەرجیەكانی حكومەت بە دینارن، بۆیە حكومەت زۆرینەی دۆلارەكانی لەلای بانكی ناوەندی گۆڕیوەتەوە بەدینار، بێگومان ئەوەیش بوەتە هۆی بەرزبونەوەی خواستی بازاڕ و كەرتی تایبەت لەسەر دۆلار، بۆیە بانكی ناوەندی لە پێناوی ڕاگرتنی سەقامگیریی نرخەكان ناچاربوە بەردەوام و بەبڕی پێویست و لەرێگەر پەنجەرەی فرۆشتنەوەی دراوی بیانیەوە دۆلار بخاتە بازاڕەوە. بەم جۆرە كڕین و فرۆشتنەوەی دۆلار لەلایەن بانكی ناوەندیەوە پرۆسەیەكی بەردەوام بوە، ئەوەیش كاریگەری گەورەی لەسەر گۆڕاوە نەختینەییەكان كردوە.

٦- هەریەك لە هەبوە بیانیەكان و دەرچونی دراو لە بناغەی نەختینەیی لە بودجەی گشتی بانكی ناوەندی لەژێر كاریگەریی كڕین وفرۆشتنەوەی دۆلاردا بوون لەلایەن بانكی ناوەدیەوە، كە ئەوێش وابەستەی قەبارەی داهاتەی نەوتیەكان و قەرزە ناوخۆییەكان بوە.

٧- پوختەی هەبوە بیانیەکان بەرەنجامی جیاوازیی کڕین و فرۆشتەنەوەی دۆلارن لەلایەن بانکی ناوەندیەوە، بۆیە هەرکات داهاتە نەوتیەکان زیادبوبن ئەوە کڕێنی دۆلاری حکومەت لەلایەن بانکی ناوەندییەوە زیادی کردوە و، سەرەنجام کڕینی دۆلار زیاتر بوە لەفرۆشتنی ئەوەیش بوەتە هۆی زیاد بونی پوختەی هەبوە بیانیەکان، بەپێچەوانەیشەوە هەرکات داهاتە نەوتیەکان کەمیان کردبیت، لەو کاتانەدا فرۆشتنی دۆلار لەلایەن بانکی ناوەندییەوە زیاتر بوە لەکڕینی، ئەوەیش بوەتە هۆی کەمبونەوەی هەبوە بیانیەکان .

٨- ئامرازی سەرەکیی ڕاگرتنی نرخی ئاڵوێری دراوی بیانی لە عیراق بریتیە لە پرۆسەی کڕین و فرۆشتنەوەی دۆلار لەلایەن بانکی ناوەندیەوە، ئەوەیش پشت بە قەبارەی داهاتە نەوتیەکان و پوختەی یەدەگی نەختینە (کەئەویش پاشکۆی داهاتە نەوتیەکانە) دەبەستی، بۆیە هەژمونی دارایی-نەوتی لەسەر بانکی ناوەندی ئەو کۆتەیش دروست دەکات کە بانکی ناوەندی بەناچاری و بەپێی گۆڕانی قەبارەی داهاتە نەوتیەکان ئیدارەی نرخی ئالوێری بیانی بکات.

**پێشنیارەکان/**

بەمەبەستی چارەسەر کردنی ئەو گرفتانەی کە لە دەرەنجامەکاندا ئاماژەیان بۆ کرا، توێژینەوەکە ئەم چەند پێشنیارە دەخاتە ڕوو:

١- ڕێزگرتنی تەواو بۆ یاساکەی بانکی ناوەندیی عێراق و ڕاگرتنی دەستێوەردانەکان لەکاروبارە تایبەتیەکانی بانکەکە و لە سیاسەتی نەختینەیی. بەتایبەتی لەبواری دانان و لادانی پارێزگارەکانی بانك و هەوڵی پارەدارکردنی بودجەی گشتی و قەرزە ناوخۆییەکان لەڕێگەی بانکی ناوەندیەوە، گوشار و دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە پرسی نرخی ئاڵوێری دراوی بیانی..هتد.

٢- بەهێزکردنی ئاستی هەماهەنگی و ڕاگۆڕینەوە و ڕاوێژ لەنێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن و بانکی ناوەندیدا کە بەپێی یاساکە ڕێگە پێدراوە، وە لەهەمان کاتیشدا بەپێویستیەکی گرنگ دادەنرێت بۆ کارکردنی دامەزراوەکان لە چوارچێوە یەك دەوڵەت لە پێناوی هێنانەدیی ئامانجە گشتیەکان، بەتایبەتیش لەداڕشتنی سیاسەتی دارایی و سیاسەتی نەختینەییدا.

٣- کارکردن بۆ کەمکردنەوەی هەژمونی دارایی گشتی لەڕێگەی کەمکردنەوەی قەبارەی کورتهێنانی بودجەو، ئەمەیش پێویستیی بەڕێکخستنەوەی خەرجیەکان و کەمکردنەوەی بەهەدەردان و توندوتۆڵکردنی چاودێریی و چەسپاندنی یاساکانە بەر لەهەموشتێك، لەگەڵ ئەوەیشدا بایەخدان بەکردنەوەی دەرفەتی زیاتر لەبەردەم کەرتی تایبەت و سەرمایەگوزاریی ناوخۆیی و بیانیدا هاوکارێکی بەهێز دەبێت، بۆ ڕەخساندنی دەرفەتی کار لەدەرەوە حکومەت و کەم کردنەوەی خەرجیەکان لە داهاتودا.

٤-کەمکردنەوەی پشت بەستنی زۆر بەداهاتی نەوتی هەناردەکراو، ئەمەیش لەڕێگەی ڕێکخستنەوەو کۆنترۆڵکردنی داهاتەکان و، کارکردن بۆ فرەچەشنکردنی سەرچاوەی داهاتەکانەوە دێتە دی.

٥- ئەوەی لەخاڵی (٣و٤) ئاماژەی بۆ کرا، سەرەنجامەکەی بریتی دەبێت لە کەمکردنەوەی کاریگەریی ئەو دوو گۆڕاوەی دارایی گشتی لەسەر گۆڕاوە نەختینەییەکان و ئاراستەکردنی سیاسەتی نەختینەیی، لەوێشەوە زیادبونی ئاستی سەربەخۆیی و کارایی بانکی ناوەندی عێراق لەڕووی کردەییەوە.

# لیستی سەرچاوەکان:

## بەزمانی عەرەبی


**اولا/ الدساتير و القوانين:**

١- دستور جمهورية العراق، ٢٠٠٥.
٢- قانون البنك المركزي العراقي رقم ٥٦ لسنة ٢٠٠٤: https://cbi.iq/page/79
٣- قوانين الموازنة العامة للسنوات ٢٠٠٥-٢٠٢٠.
http://www.mof.gov.iq/pages/ar/FederalBudgetLaw.aspx

**ثانيا/ النشرات و الاحصائات و الوثائق الرسمية:**

١- البنك المركزي العراق، النشرة الاحصائية السنوية للسنوات ٢٠٠٥-٢٠٢١:
https://cbi.iq/news/view/492
٢- البنك المركزي العراق، المؤشرات المالية الاساسية، للسنوات ٢٠٠٥-٢٠٢٠ :
https://cbi.iq/news/view/94
٣- البنك المركزي العراق، الموقع الاحصائي، الموازنة العامة :
https://cbiraq.org/SubCategoriesTable.aspx?SubCatID=100
٤- جمهورية العراق، وزارة المالية، اموال العامة، تنفيذ الموازنة، التقارير الشهرية:
http://www.mof.gov.iq/pages/ar/PublicFunndss.aspx

**ثالثا/ الرسائل و الاطاريح الجامعية:**

١- الاحول، السياسة المالية، فاعليتها و اثارها النقدية في الاقتصاد اليمني للمدة(١٩٩٠-٢٠٠٢)، اطروحة دكتوراه، كلية الادارة و الاقتصاد، الجامعة المستنصرية، ٢٠٠٥.
٢- الشمري، ابتهال احمد عبد عون، التنسيق بين السياستين المالية والنقدية ودورهما بالنشاط الاقتصادي العراق ومصر دراسة حالة للمدة (٢٠٠٦ – ٢٠١٦)، رسالة ماجستير، جامعة كربلاء، ٢٠١٧.
٣- مسعود، دراوسي، السياسة المالية ودورها في تحقيق التوازن الاقتصادي حالة الجزائر (١٩٩٠-٢٠٠٤)، اطروحة دكتوراه، كلية العلوم الاقتصادية وعلوم التيسير، جامعة الجزائر، ٢٠٠٧.
٤- مصطفى، قيتشاخ، العوامل المؤثرة في استقلالية البنك المركزي و انعكاساتها على اداء السياسة النقدية (حالة الجزائر ابتدأ من ١٩٩٠) اطروحة دكتوراه، جامعة الحاج لخضر، الجزائر،٢٠٢١.
٥- النصراوي، على اسماعيل عبدالمجيد، الهيمنة المالية للدولة الريعية و انعكاساتها النقدية في العراق للمدة(٢٠٠٤-٢٠١٢)، رسالة ماجستير، جامعة كربلاء، ٢٠١٤.

**رابعا/ البحوث و المجلات العلمية**

١- آل طعمة، حيدر حسين أحمد محمد. البنك المركزي العراقي : إرهاصات الهيمنة و قضم الاستقلالية. مجلة كلية الإدارة و الاقتصاد للدراسات الاقتصادية و الإدارية و المالية،عدد ١٠، ٢٠١٤.
٢- الجبوري، خلف محمد، دور الاستقلالية البنوك المركزية في تحقيق اهداف السياسة النقدية مع الاشارة الخاصة الى التجربة العراقية في ضؤ قانون البنك المركزي العراقي رقم ٥٦ لسنة ٢٠٠٤، مجلة

تكريت للعلوم الاقتصادية و الادارية، المجلد ٧، العدد ٢٣، ٢٠١١.
٣- جمعة و معلة، د. عبدرارحمن عبيد، د.حالوب كاظم، الهيمنة المالية مدخل النظري لمفهومها و اسبابها و اثارها، مجلة جامعة الانبار للعلوم الاقتصادية و الادارية، المجلد٤، العدد٩، ٢٠١٢.
٤- جياوس ومحمد، محمد عبدالواح، سحر قاسم، عرض النقد و العوامل المؤثرة فيه و دور البنك المركزي في سيطرة عليه للمدة (٢٠٠٣-٢٠١٤)، مجلة العلوم الاقتصادية و الادارية، جامعة بغداد، العدد ٩٣، المجلد ٢٢، ٢٠١٦.
٥- شندى و عبد ضيدان، د. اديب قاسم، ضياء، استقلالية البنك المركزي العراقي بين المعايير التشريعية و الفعلية، مجلة الكوت للعلوم الاقتصادية و الادارية، جامعة واسط، العدد ٢٧، ٢٠١٧.
٦- الدهميش، استقلالية البنوك المركزية مع اشارة خاصة الى قياس مدى استقلالية البنك المركزي الاردني، مجلة العلوم الاقتصادية و الادارية، جامعة بغداد، المجلد ٢١، العدد ٨٣، ٢٠١٥.
٧- الصبيحي، علي نبع، اثر استقلالية البنك المركزي على بعض المتغيرات الاقتصادية الكلية في الاقتصاد العراقي للمدة (٢٠٠٥-٢٠٢٠)، مجلة جامعة الانبار للعلوم الاقتصادية و الادارية، المجلد١٢، العدد ٢٨، ٢٠٢٠.
٨- علي، د. احمد ابريهي، سياسة الدين العام و خصائص الاقتصاد النفطي، مجلة العراقية للعلوم الاقتصادية، جامعة المستنصرية، المجلد ١٣، العدد ٤٦، ٢٠١٥.
٩- الغالبي، د. عبدالحسين جليل، استقلالية البنك المركزي الفلسفة والمباديء و طرق القياس، مجلة حامورابي، العدد الثاني عشر، السنة الثالثة، ٢٠١٤.
١٠- محمد وعلوش، حياة جمعة، د.جعفر باقر، اثر الهيمنة المالية على استقلالية البنك المركزي و النمو الاقتصادى فى العراق بعد ٢٠٠٣، مجله الواسط للعلوم الانسانية، عدد ١٥، ٢٠٢٠.
١١- محمد وعلوش، حياة جمعة، د.جعفر باقر، الاستقلالية البنك المركزي و تأثرها بالمالية العامة، مجلة لارك للفلسفة و اللسانيات و العلوم الاجتماعية، جامعة واسط، مجلد ٢، عدد ٣٢، ٢٠٢٠.

**خامسا/ الكتب**

١- ابجدمان، مايكل، الاقتصاد الكلي، النظرية و السياسة، ترجمة محمد ابراهيم منصور، دار المريخ للنشر، رياض، ١٩٨٨.
٢- ساموليلسون، بول . آ، نوردهاوس، ويليام .د، الاقتصاد، ترجمة هشام عبدالله، الطبعة الثانية، دار الاهلية للنشر، عمان، ٢٠٠٦،
٣- صالح، د. مظهر محمد، استقلالية البنك المركزي، بيت الحكمة، بغداد، ٢٠٠٨.
٤- علي، احمد ابريهي، الاقتصاد المالي الدولي و السياسة النقدية، مركز حمورابي للبحوث والدراسات الاستراتيجية، بغداد، ٢٠١٢ .
٥- الزبيدي و اخرون، البنك المركزي العراقي، الادوار المهامات و خيارات المستقبل، الطبعة الاولى، بغداد، مركز الرافدين للحوار، ٢٠٢١.

### سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی


1- Cukierman , Alex and Others," Measuring the Independence of Central Banks and Its Effect on Policy Outcomes" The Word Bank , Economic Review, Vol.6 , No 3,1992.

2- Georgeta, Daniela, and Maria Lenuta , Central Bank Independence and Inflation in EU-28, Land Forces Academy Review, Vol. XXII, No 4(88), 2017.

3- Grilli Vittorio and others, Political and Monetary Institutions and Public Financial Policies in the Industrial Countries, Economic Policy, Vol. 6, No. 13 (Oct., 1991), Published By: Oxford University Press.

4- Haan, Jakob De, The political Economy of Central Bank Independence, Special Papers in International Economics, No.19, May 1996.

5- Harrison, Ilieva, J., B. and Healey, Central bank independence: cases, measurement and future developments. European Business Journal, N 15(4), 2003.

6- Kadhim, Dr. Fadhil Abbas and Hussain, Rehab Ibrahim, Measuring the impact of financial dominance on monetary policy variables in Iraq for the period (2004 – 2021), NeuroQuantology, Volume20,Issue8, July2022.

7- Kamila, Anshuman, Fiscal dominance in India: an empirical estimation, Indian Economic Review, No 57, June 2022.

8- Paul Wachtel and Mario I. Blejer, A Fresh Look at Central Bank Independence, Cato Journal, Vol. 40, No. 1 (Winter 2020).